گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# فۆڕمی پێرفۆرمانسی لاوك و حەیرانۆك توێژینەوەیێکی بەراوردكارییە

**زانا جەبەلی مامند**

بەشی موزیك، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق.

mamandzana@gmail.com

**پ. د. ناسر هاشم بدن**

بەشی موزیك، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی باسرا، بەسرا، عێراق

nasserbadan60@gmail.com

**پ. ی. د. نەریمان عبداللە کریم**

بەشی موزیك، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق.

nareman.kareem@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

**وەرگرتن:**٢٠٢٣/٢/١٥

**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٣/١٥

**بڵاوكردنەوە:**بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**

*Lawk, Melody, Performance, Folklore, Form, Rhythm, Song*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.9.1.17

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە دوو لە فۆڕمەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی دەکات، کە پێیان دەوترێت لاوك و حەیرانۆك. لاوك جۆرێکە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، کە ئاوازەکەی ریتمێکی سەربەستی هەیە و درێژی و کورتی دەنگەکانی بەندە بە پێویستی وشەکان و خواستی لاوکبێژەکەوە، هەروەها حەیرانۆك جۆرێکە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، کە هەم بەشێوەی ئاواز دەردەبڕدرێت و هەم بەشێوەی شیعر پێشکەش دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە پێناسە و زاراوەی لاوك و حەیرانۆك دەخاتەڕوو و شوێنی جوگرافی و چۆنیەتی پێرفۆڕمانسی ئەم جۆرە گۆرانییە فۆلکلۆرییانە باس دەکات. جۆرەکانی لاوك و حەیرانۆك لە ڕووی ناوەڕۆك و مەقامەوە دیاری دەکات و مەودای فراوانی دەنگی سەرجەم جۆرەکانیان ڕووندەکاتەوە. ئەم توێژینەوەیە تایبەتمەندییەکانی لاوك و حەیرانۆك پیشان دەدات و لە فۆڕمەکانی تری گۆرانی کوردی جیایان دەکاتەوە. لاوك سەروەتێکی

گەورەی نیشتمانییە، کە لەڕووی مێژووییەوە چەندین داستان و بەسەرهاتی کۆنمان بۆ دەگێڕنەوە و حەیرانۆکیش سەدا و ئاوازە دڵخوازەکەی ئەڤیندارانە، بەجۆرێك لاوك و حەیرانۆك دوو جۆرە گۆرانین، کە تایبەتن بە نەتەوەی کورد.

## پێشەکی

کورد هەمیشە دۆستی ستران و بەستە و لاوك و حەیران بووە، زام و برینەکانی لە ڕێگەی ئەم دۆستانەیەوە دەربڕیوە. گۆرانی بە هەموو جۆرەکانییەوە، هاوتەمەنی تاکی کوردە، هەر کە چاوی هەڵدێنێت، بە لایەلایە دەخەوێندرێت، لە کاتی کارکردن و دروێنە و ساوارکوتان و ئاخەبان، بە ستران و بەستە تێپەڕاندووە، لە دانیشتنی شەوانەش لە کۆچك و دیوەخانەکاندا بە لاوك و حەیران بەسەری بردووە. لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە شایی و بووك گواستنەوە و مارەبڕین و منداڵبوون و مردن، گۆرانی بوونی هەبووە و بۆتە هەوێنی دەربڕینی ناخی تاکی کورد، واتە گۆرانی بەشێکی گرنگ بووە لە ژیانی ڕۆژانەی تاکی کورد، هەربۆیە گەلێك گۆرانیبێژ و دەنگبێژ و کەسانی بەهرەمەند و هونەرمەندی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە.

هونەر و زمان و توێژینەوە لە هەر کۆمەڵگەیێکدا پەرەی پێ بدرێت، ئەو کۆمەڵگایە دواناکەوێت و لە ڕەوڕەوەی پێشقەچوونی جیهان بەردەوام دەبێت. موزیك و گۆرانی وەك بەشێك لە هونەر، ناسنامەی شارستانیەتی نەتەوەن لە سەرجەم وڵاتانی جیهان. موزیك ئەو دەنگە ئەفسوناویەیە، کە لە یەکەم هەناسە هەڵمژیندا، تاوەکو دوایین ساتی ژیان لەگەڵ مرۆڤدا هاوسەفەرە، هەر لە یەکەمین گریانی کۆرپەلەوە تاوەکو دوایین ناڵەناڵەکانی سەرەمەرگ، موزیك لەگەڵ ڕوح و جەستە و هەناسەی مرۆڤدا بوونی هەیە. هەروەتریشقە و نمەی باران و دەربازبوونی شنەی با بەنێو لق و پۆپی دارەکاندا و چەندین دەنگی سروشتی تر، ئاماژەن بۆ بوونی موزیك و ڕیتم لە سەرەتای دروستبوونی ژیانەوە. هەر یەك لە نەتەوەکانی جیهان، خاوەنی موزیك و ئاواز و هونەری خۆیانن و نەتەوەی کوردیش سەرەڕای نەبوونی کیانێکی سەربەست، لەم بوارەدا گەلێك دەوڵەمەندە و گۆرانی کوردی خاوەنی گەلێك جۆر و فۆرمە و لاوکیش فۆڕمێکی دیارە لەنێوان فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە ناساندن و خستنەڕووی تایبەتمەندیەکانی لاوکە لە ڕووی پێناسە، زاراوە، ڕوخسار، ناوەڕۆك، شوێنی جوگرافی، پێرفۆڕمانس و چەندین لایەنی تر، هەروەها بەراوردکردنی ئەم فۆڕمەیە لە سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانیانەوە و بە چەندین خاڵ جیاوازی نێوان ئەم فۆڕمەمان بۆ دەستنیشان دەکات. هەر بەوە نەوەستاین، کە کتێب بکەین بە تاکە سەرچاوەی توێژینەوەکەمان، بەڵکو لەگەڵ چەندین کەسانی شارەزا لە بواری موزیك و گۆرانیدا دیمانەمان ئەنجام داوە، تاوەکو هەم لە ڕووی ئەدەبی و مێژوویی و پێرفۆڕمانسەوە لەسەر ئەم فۆڕمە بدوێین.

### کێشەی توێژینەوە

گۆرانی کوردی گەلێك جۆر و فۆڕمی هەیە، کە تاوەکو ئێستا توێژینەوەیێکی ئەوتۆ بۆ جیاکردنەوەیان نەکراوە، هەر یەکێك لەو فۆڕمانە شێوازی پێرفۆڕمانسی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە چۆن بتوانین جیایان بکەینەوە؟ چۆن دەتوانین لاوکێك لە حەیرانۆکێك جیابکەینەوە؟ ئایا لەڕووی بابەت و ناوەڕۆکەوە دەتوانین یاخود لەڕووی شێوازی دەربڕین، ئایا شوێنی جوگرافی و شروشت و بن ولاتی تا چەند کاریگەر بوون بۆ ئافراندنی لاوك و جۆرەکانی تری گۆرانی کوردی؟ گرفتگەلێك هەن، کە بوونەتە هەوێنی ئەم توێژینەوەیە و گرنگترینیان ناسینەوە و جیاکردنەوەی فۆڕمەکانە و کەمی شارەزایی کەسانی ئاسایین دەربارەی جۆرەکانی گۆرانی کوردی. گرفتێکی تر ئەوەیە، کە تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە دەربارەی لاوك و دەنگبێژی لەلایەك و حەیرانۆك و حەیرانژارۆ لەلایەکی تر، تەنانەت کەسانی موزیکیش سەبارەت بە شێوازی پێرفۆڕمانسی حەیرانۆك ڕای پێچەوانەیان هەیە.

نەبوونی سەرچاوە یەکێکی ترە لەو گرفتانەی ڕووبەڕوومان بویەوە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەماندا و ئەو سەرچاوانەی دەستیشمان کەوتن، زۆربەی لەلایەن کەسانی نا موزیکییەوە نوسراوبوونەوە بۆیە زۆر نەڕژاونەتە سەر لایەنی پەرفۆڕمانس و جۆری ئاواز و چۆنیەتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی لاوك و حەیرانۆکەکان و گەلێك لایەتی تر. گرفتێکی تر ئەوەیە کە لاوك و حەیرانۆك تایبەتن بە دەڤەری بادینان و لەو دەڤەرەش بەشی موزیکی نییە لە کۆلێژی هونەرە، بۆیە لێکۆڵینەوە لەو بوارە نەکراوە وەکو پێداویستیەکی خوێندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گرنگی توێژینەوە

زۆربەی فۆرمەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی هەژارن لە ڕووی لێکۆڵینەوە، لەچاو بابەتەکانی تر، کەمترین توێژینەوەیان لەبارەوە ئەنجام دراوە، گرنگی ئەم توێژەنەوەیە لەوەدایە، کە باسێکی زانستی و ئەکادیمیی ئەنجامداوە دەربارەی دوو فۆرمی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە لاوك و حەیرانۆکن. تا ڕادەیەك لاوك ئاشنایە بە گوێگران و ئەستەم نییە بناسرێتەوە لەلایەن زۆرێك لە هەوادارانی گۆرانی ڕەسەنی کوردی، بەڵام حەیرانۆك ناتوانم بڵێم نامۆیە، بەڵکو بە شێوەیەکی کەم ئاشنایە بە کۆمەڵگە و تەنانەت لە هەندێك ناوچەی کوردستان هەر گوێشیان لە ناوی حەیرانۆك نەبووە و وا دەزانن هەر حەیرانی دەشتی هەولێرە، بگرە لە ناوچەی بادینانیش کە کانگای حەیرانۆکە، تێگەیشتنی هەڵە هەیە لەنێوان خودی شارەزایانی گۆرانی دەربارەی حەیرانۆك و حەیران و حەیرانژارۆ، بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە زۆر بە زانستیانە باسی لەو دوو فۆرمە کردووە و ڕژاوەتە سەر هەموو وردەکاریەکانی ئەم دوو جۆرە بەشێوەیەك خوێنەر دەتوانێت دوای خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە، فۆرمەکانی لاوك و حەیرانۆك لە فۆرمەکانی تری گۆرانی فۆلکلۆری کوردی جیا بکاتەوە، چونکە هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لەم توێژینەوەیەدا بە وردی باس کراوە. گرنگە توێژینەوە لەبارەی هەموو فۆرمەکانی گۆرانی کوردی بکرێت و بکرێت بە میتۆدێك هەر هیچ نەبێت لە ناوەندەکانی ئەکادیمی خوێندنی موزیکدا بخوێندرێت، ئێمە ئاگادارین کە فۆرمەکانی موزیکی جیهانی (بۆتەکان) لە سەرجەم پەیمانگە هونەرییەکان و کۆلێژەکانی هونەر لە بەشی موزیك دەخوێندرێن، بەڵام فۆرمەکانی گۆرانی کوردی بوونیان نییە وەکو میتۆد لەم ناوەندانەدا بخوێندرێن. شارەزایانی زانستی موزیکی ڕۆژئاوایی سەرجەم فۆرمەکانی گۆرانی و موزیکی خۆیانیان پۆلێن کردووە، نەك شارەزایانی بواری موزیك، بەڵکو کەسانی ئاساییش فۆرمەکانی کلاسیك و ڕۆك و بلو و هتد.. بە ئاسانی دەناسنەوە، کەچی تانەنەت زۆرێك لە موزیککارەکانیشمان زانیاریەکی ئەوتۆیان لەو بارەوە نییە. گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە دەتوانرێت بکرێت بە میتۆدێك بۆ خوێندنی ئەو دوو فۆرمە یاخود سوودی لێ ببینرێت. بە شێوەیەکی گشتی، هەموو ئەوانەی شەیدای گۆرانی کوردین، دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە ببینن.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە، ناساندن و ئاشناکردنی دوو فۆڕمی گۆرانی فۆلکلۆری کوردییە، کە لاوك و حەیرانۆکن. زۆرێك لە دەق و میلۆدی و لاوك و حەیران و بەستە کە بەشێکی گەورەن لە سەروەتی نیشتمانی نەتەوەی کورد، لەناو چوون و ئێستاش مەترسی ئەم لەناوچوونە بەردەوامە، چونکە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە گرنگیان پێ نەدراوە و نادرێت و توێژینەوەیان لەسەر نەکراوە، ئامانجمان ئەوەیە ئەم فۆڕمانە بە نەوەی داهاتوو نیشان بدەین و بەشێوەیەکی زانستی و لەسەر بناغەی زانستی موزیك پێیان ئاشنا بکەین، نەك تەنها بۆ خوێنەران و ئارەزوومەندانی گۆرانی کوردی ئەم ئەرکەمان گرتۆتە ئەستۆ، بەڵکو بۆ شارەزایانی بواری موزیکش دەبن بە سەرچاوە و بەرهەمێکی نوێ، چونکە لەڕووی زانستی موزیکیشەوە ئاماژەمان بەو دوو فۆڕمە کردووە لە ڕووی پێرفۆڕمانسەوە و هەوڵمان داوە وەك چۆن فۆڕمە موزیکیە جیهانیەکانی وەکو سۆناتا شیدەکرێتەوە، ئاواش ئێمە شیکردنەوەمان بۆیان کردووە، چونکە زۆربەی ئەوانەی باسیان لە لاوك و حەیرانۆك کردووە، کەسانی موزیکی نین، بۆیە نایان توانیوە لەڕووی پێرفۆڕمانسەوە باس لەم دوو فۆڕمە بکەن، بەڵکو زیاتر ڕژاونەتە سەر لایەنەکانی تر وەکو زاراوە، ناوەڕۆك، ڕوخسار و جۆرەکانیانی لاوکیان ڕیزکردووە لەسەر بناغەی ناوەڕۆکەکانیان نەك جۆرەکانی لاوك لەڕووی مەقامەوە یاخود ئەداوە.

ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین، یەکەم جارە ئەم شێوازە بەکارهاتووە بۆ باسکردن لەم دوو فۆڕمە گۆرانییە.

## سنووری توێژینەوە

ئاشکرایە کە هەر ناوچەیەکی کوردستان خاوەنی شێوازێکی تایبەتی گۆرانییە و مۆرك و ناسنامەی ئەو ناوچەیەی پێوە دیارە، لاوك لە زێی قەندیل و چیای شنگالەوە لە حەیران جیادەکرێتەوە و درێژ دەبێتەوە تاوەکو ناوچەی جزیر و سەرحەد و بگرە تاوەکو قەفقاز و ئەو ناوچانەی کورد لێی نیشتەجێن لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، واتە لە سنووری کوردستانی گەورەش دەردەچێت، لەم لاشەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان تاوەکو دوورترین خاکی کوردان، کە دەکاتە ناوچەی کۆبانێ لاوك بوونی هەیە، بەڵام بە زاراوەی جیاجیا. سنووری توێژینەوەکەمان تەنها باشووری کوردستانە و لە باشووریش زیاتر دەڤەری بادینان دەگرێتەوە، کە دەکەوێتە سنووری پارێزگای دهۆك و بەشێك لە پارێزگای هەولێر،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چونکە لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای هەولێریش لاوك و حەیرانۆك بوونیان هەیە وەکو ناوچەکانی شێروانی، نزاری، مزوری، و گەردی و دۆلەمەری کە سەربە قەزای مێرگەسورن. جێگای ئاماژەپێکردنە کە لاوك لە ڕۆژهەڵاتیش دەوترێت لەنێو خێلی هەرکی و شکاکەنی ناوچەی ڕەزایە.

### ١-١ چەمك و پێناسەی لاوك

تاکو ئێستا شیکردنەوەیێکی ئەکادیمیی و پێناسەیێکی زانستیی بۆ لاوك نەکراوە. ئاشکرایە کە هەر میلۆدییەك یاخود هەر کارێکی پێرفۆرمانس، کە پەیوەستبێت بە ڕیتمەوە، خۆی لە فۆڕمێکدا دەبینێتەوە، کە بە ئاسانی دەتوانرێت پێناسە بکرێت، بەڵام ئەگەر پێرفۆرمانسەکە یاخود میلۆدییەکە ڕیتمێکی سەربەستی هەبێت، ئەوا ئەرکەکە سەختتر دەبێت. بۆیە ئێمە وای دەبینین، کە بە ئاسانی ناتوانین پێناسەیێك یان شیکردنەوەیێکی زانستی بۆ لاوك بکەین، کە پڕ بە پێستی بێت.

زۆرێك لە نووسەران، ئەدیبان، فۆلکلۆرناسان و کەلەپوورناسانی کورد لەبارەی لاوك نووسیویانە، لە زۆر ڕووەوە پێناسەیان بۆ کردووە، جۆرەکانی لاوکیان ڕیزبەند کردووە. بێگومان ئەمانە سەرجەمیان مایەی ڕێزگرتنن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان، کەسانی موزیکی و ئێتنۆمیوزیکۆلۆجییست نین. هەست دەکەین لە چوارچێوەی شیعرێکدا باسیان لە لاوك کردووە و بەشێوەیێکی سۆزداری لەسەر لاوك دواون و بە هەستێکی کوردپەروەرانە لاوکیان هێناوەتە زمان. بەجۆرێك لاوك دەنگی چیایە، دەنگی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، لاوك سەرهەڵدان و بەرخودان و کارەسات و ڕووداوە مێژوییەکانی گەلی کوردی ستەمدیدە وەك شریتێکی سینەمایی نیشان دەدات و ناحەزانی میللەتەکەمان ڕیسوا دەکات. (مەجید خۆشناو، ٢٠١٠: ٣٩).

دەبێ بوترێ هەندێك لەو نووسەرانە لاوکیان وەکو جۆرێك یان ڕەنگێکی گۆرانی فۆلکلۆر یاخود میللی ناساندووە لەوانە (ئەحمەد حەیران) دەڵێ: (لاوك لە بواری گۆرانی میلیدا لایەنێکە لە سترانی فۆلکلۆری، ئەو ڕۆژگارەی لاوکی تێدا ئافەریدە بووە و دەق و ناوەڕۆکی لاوکی تێدا خوڵقاوە بارودۆخێك بووە دەستی داوە بۆ هاتنە کایەی ئەم شێوە بابەتە، سەردەم و ڕۆژگاری لاوك قۆناغی ئازایەتی و نواندنی پاڵەوانیەتی و دروستبوونی داستان و بەسەرهات بووە، ژینگە و دەوروبەر بە نواندن و دیارکەوتنی کاری مێرخاسی و گەڕناسی خرۆشاوە). (ئەحمەد حەیران، ٢٠٠٦: ١٦٨) لەم ئاخافتنەی ئەحمەد حەیراندا، کە دەڵێ لاوك گۆرانیەکی فۆلکلۆرییە، ڕاستە سەرەتای لاوك بۆ

سەردەمێکی لەمێژین دەگەڕێتەوە، بەڵام خۆ ئێمە لاوکی ئافرێندراویشمان هەیە، کە خاوەنەکەی دیارە، کەواتە لاوك تەنها بەرهەمێکی فۆلکلۆری نییە. دکتۆر سەلاح هروری لاوك وەکو ڕەنگێکی ستران دەناسێنێت و بە سترانی شەڕوشۆر ناوی دەبات و دەڵێ: (ڕەنگێکی گۆرانی هەیە پێی دەڵێن لاوك، کە لە هەندێك شوێندا بە سترانی (شەڕا، مێرانی، سوارا) هاتووە. (سەڵاح هروری، ٢٠٠٤: ١٠).

لە ئەنجامی گەڕانەکانمان بەدوای پێناسەی لاوکدا چەند ڕاییێکی ترمان دەستکەوت، لەوانە (ڕێکێش ئامێدی) لاوك وەکو سترانی شەڕ و دیرۆکی دەناسێنێت، بەبێ ئەوەی باس لە هیچ جۆرێکی تری بکات و پێی وایە: لاوك یاخود سترانی مێرانیێ و شەڕ یاخود سترانی دیرۆکی. (ڕێکێش ئامێدی، ٢٠١٠: ٧) بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە لاوك لق و پۆپی دیکەشی لێدەبێتەوە. زۆرێکی تر لە نووسەران پێیان وایە لاوك تایبەتە بە گۆرانی شەڕوشۆر یان سترانی سوارچاکی و مەیدانی جەنگ، لەوانە (میهرداد ئیزەدیی) دەڵێ: (هەرچی لاوکە، ئەوە بۆ باسی ئازایەتی و چیرۆکی قارەمانێتی ومەردایەتی تەرخان کراوە). (میهرداد ئیزەدیی، ٢٠٠٨: ١٦) لەکاتێکدا لاوك تەنها باس لە قارەمانیەتی ناکات، چونکە فرەبابەتە و باس لە لایەنی تری دڵداری و مێژوویی و بگرە سیاسیش دەکات.

لە هەندێك کاتدا نووسەر بە هەستێکی بەرزی کوردایەتیەوە لاوکی هێناوەتە زمان، کە دەشێ ئەو بارودۆخەی تێیدا ژیاوە، وای کردبێت، بۆ نموونە (مەجید خۆشناو) دەڵێ: (لاوك ئەو ئاوازەیە کە هەردەم ڕوو لە بەرزایی دەکات و هۆگری دۆند و لوتکەی شاخەکانە و ملکەچ ناکات و هانت دەدات، کە شاخە سەرکەشەکانی کوردستان وەك پشت و پەنا و سەنگەر و چەپەر بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و داگیرکەران. بەڵێ تاکو کورد ماوە، لاوك ماوە تا چیا ماوە لاوك ماوە و نامرێت). (مەجید خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ٣٩). لێرەدا وا دەردەکەوێت عەشقێکی مەزنی بۆ لاوك هەیە و وەکو چەکێکی بەهێز دەیبینێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری لاوکەکانی شەڕوشۆڕ باس لە تێکشکانی میرنشینەکان و دەسەڵاتدارانی کورد دەکات لەبەرامبەر داگیرکەرانی خاکی کوردستاندا یاخود شەڕی نێوان هۆزە کوردەکان خۆیان. هەروەها (جەلال مەلا حەسەن خۆشناو) دەڵێ: (لاوك ئەو دەنگ و ئاوازە بەسۆز و دڵڕفێنەیە، کە لە گەرووی پیاو و ئافرەتی هونەرمەند و لاوکبێژانی کورد دێتە دەرێ و لە شەقەی باڵ دەدەن و لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەرزتر دەبنەوە). (جەلال مەلا حەسەن خۆشناو و جەنگی جەلال مەلا حەسەن، ٢٠٠٦: ١٩). دەتوانین بڵێین تەنها

چەند وشەیەکی سەرەتای پێناسەکەی، پەیوەندیی بە لاوکەوە هەیە، کە دەتوانین هەمووی لە سێ وشەدا کۆیان بکەینەوە، ئەوانیش (لاوك دەنگ و ئاوازە)یە. وشەکانی تر ئەگەر نەشنووسرێنەوە، گرفتێك دروست ناکات.

هەروەها لە شوێنێکی تر دەڵێت: (لاوك تۆمارێکی هەمە لایەنە و بەرفراوانی نەتەوەییمانە و، زۆربەی زۆری لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵی کوردەواری لە چوارچێوەی ئەم تۆمارەدا تۆمارکراوە، وەك لایەنی دیرۆکی، شەڕ و شۆڕ، داستانی بەرگری کورد دژی داگیرکەرانی کورد، سوارچاکی و مێرخواسی، داستانی ئەڤینداری). (جەلال مەلاحەسەن خۆشناو، ٢٠٠٠: ٥). بێگومان ئەم ڕایەی مامۆستا هیچ گومانی تێدا نییە و ئێمەش هاوڕاین. هەروەها ئەسعەد عەدۆش ڕاو بۆچوونی نزیکە لەگەڵ جەلال حەسەن و دەڵێ: (لاوك ئەو سەربردە قارەمانیەتییە یان ئەڤینی یەیە سەر و بن گرێدراوە جەرگ برەو پڕ تام و لەزەتەیە، کە مرۆڤی کورد دەگەڕێنێتەوە رۆژانی رابردووی کورد). (ئەسعەد عەدۆ، ٢٠١٥: ٤٩٣).

هەندێك پێیان وایە لاوك بەشێکە لە یادگاری ژیانیان و سێبووری دڵی گوێگرانە و وەکو فیلمێك ڕابردوویان بەبیر دەهێنێتەوە، هەروەها (لاوك هەموو یادگارەکانی دڵداری پاك و بێگەرد لە خۆشیو ناخۆشی دێنێتەوە یاد و دەیکاتە سەردەمی لاوی، بۆیە لەگەڵ لاوك ئاوێتە دەبێت. لاوك هەرگیزاوهەرگیز پیرنابێت هەردەم خۆشەویسترین هەڤال و هۆگرە). (مەجید خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ٣٩).

وەك دەزانین لاوك بە شێوەزاری کرمانجی دەوترێت. هەموو ئەو ناوچانەی بەم زاراوەیە دەدوێن دەگرێتەوە، هەرچەندە سنووری جوگرافی توێژینەوەکەمان تەنها باشووری کوردستانە، بەڵام هەموو ئەو ناوچانەی بە کرمانجی دەئاخڤن، لاوك بوونی هەیە، لە بەشێکی تایبەتدا باسی شوێنی جوگرافی لاوکمان کردووە، بەڵام هەندێك لە فۆلکلۆرناسان لەگەڵ پێناسەی لاوکدا باسی ئەو ناوچانەشیان کردووە، کە لاوکی تێدا دەچڕدرێت، لاوك یەکێکە لە هونەرەکانی مەقاماتی کوردی بە شێوەی شیعر، یان پەخشان دەنووسرێتەوە و دەکرێت بە گۆرانی. زمانەکەی سادەیە و بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو دەگوترێت. (محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ٩). هەروەها دکتۆر مارف خەزنەدار دەربارەی هەمان بابەت دەڵێ: لاوك ناوی ئەو جۆرە هۆنراوە یا شیعرە میللییەیە، کە بە دیالێکتی کرمانجی سەروو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەهۆنرێتەوە. لەناو کوردەکانی ئەویٚ لاوك گەلیٚ ناوی دیکەی هەیە وەکو لاوژە، ستران، بەیت، کەلامیٚ میرانیٚ و هیتر. (دکتۆر مارف خەزنەدار، ٢٠١٠: ٣٩).

وەك دەبینین ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر لاوك هەیە. هەندێك لە نووسەران وەکو داستان یان چیرۆك یاخود ڕووداوی مێژویی ناوی دەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتانە دەخەنەڕوو کە ناوەڕۆکی لاوکیان پێکهێناوە، هەروەکو لاوك چیرۆکێکی درێژە و لەشێوەی شیعری فۆلکلۆری دایە و بە شێوەی گۆرانی دەگوترێت. لاوك ڕووداوێکی مێژویی وشك نییە، بەڵکو پڕیەتی لە بەها ئەدەبییەکان و گێڕانەوەیەکی ئەدەبی فۆلکلۆری بۆ دەکرێت و تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، لەکاتی گوێگرتنی یان ئەگەر بە شێوەی نوسراو بێت لەکاتی خوێندنەوەیدا. (مەجید خۆشناو، ٢٠١٠: ٣٩). هەروەها (ئەحمەد حەیران) بەم شێوەیە پێناسەی لاوك دەکات و دەڵێت: (لاوك لە شێوەی داستانی شیعریدایە، کە باسی جۆرەها کێشە دەکات وەك: دڵداری،چینایەتی، رامیاری، کۆمەڵایەتی. هەروەها زۆریش باسی شەڕ و شۆڕ و سوارچاکی و ئازایەتی و قارەمانێتی و پیاوماقوڵانی کورد دەکات). ( محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ١٤) هەر دیسان و لەسەر هەمان ئەو پەیوەندیەی کە لاوك هەیەتی لەگەل داستان و چیرۆکدا ڕاو بۆچوونی تریش هەن، (لاوك بەشێکی گرنگی داستانە، لە فۆلکلۆری میللیماندا، شەوچەرەی شەوانەی رەمەکی جەماوەرە لەبەر ئاگردانی زستاندا). (یاسین حەسەن گۆران:٣).

ئاشکرایە شیعر و پەخشان بەشێکی گرنگن لە لاوك و هەموو جۆرە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، ئەگەرچی لە لاوکدا برگە و ریز و کۆپلەی جۆراوجۆر هەیە و خۆی نابەستێتەوە بە یەك ڕێچکە یاخود قاڵبەوە، بەڵام پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ پەخشان و هۆزاندا هەیە. (لاوك هونەرێکە لە هونەرەکانی فۆلکلۆری کوردی، کە بە شێوەی گۆرانی دەگوترێت و دەقەکەی وەکو شیعرێکی فۆلکلۆری وایە، یان لە شێوەی پەخشاندایە. بە کێشی بڕگەیی دەپێورێت و سەروای هەیە). (محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ١٤). یاخود (لاوك بریتییە لە هۆنراوەیەك کە نزیکە لە پەخشانەوە، بەڵام سەرواداره. (شوکریە رەسوڵ، ١٩٨٤: ١٠٨). وەك دەبینین شیعر کەرەستەیێکی گرنگی لاوکە، بەڵام لاوك هەندێ کۆت و بەندی شیعری شکاندووە و سەربەستیی زیاتری بە خۆیداوە وەك لە شیعر (لاوك هونەرێکی یا گۆرانیەکی ڕەسەنی کوردییە و لە رووی کێش و قافیەوە لە بەرهەمەکانی شیعری سەربەست ترە). (حوسێن فەتاح حوسێن، ١٩٩٩: ٥).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاوك جۆرە ئەدەبێكی میللی كوردە كە بە ئاوازێكی تایبەتی گۆرانیبێژ دەنگی لێ هەڵدەبڕێ و هۆنراوەكانی لاوكەكە دەڵێ. پێشەكی و پاشبەندی هەر كۆپلەیەك هەموو جار بە لاوۆ و لێ لێ، لۆ لۆ و هەیلێ برا و گەلێ خەم و شیوەن و خۆزگە و ئاوات دەست پێ دەكات و كۆتایی دێت، یا وەكو گوتراوە (سەر و بن گرێدراوە). (عەبدولرەزاق بیمار، ١٩٩٦: ٦٩). عەبدولڕەزاق بیمار لاوك وەكو ئەدەبێكی میللی دەناسێنێت، ئەو پێیوایە لاوك پێشەكی و پاشبەندی هەیە و سەروبن بەیەكەوە گرێدراوە. باس لەو زاراوە یاخود وشانە دەكات، كە لە سەرەتا و ناوڕاستی لاوكەكاندا دێن. بێگومان زۆرێك لە دەستەواژەی تریش  لە لاوكدا بەكاردەهێندرێن، وەكو وەیلێ، وەیلۆ، ئەمانەمان، هاێ هاێ، وایێ وایێ.

لە ناوچەكانی بادینان و ئەو ناوچانەی سەر بە پارێزگای دهۆكن، زاراوەی لاوك بەكاردەهێنن بۆ ئەم فۆرمە گۆرانییەی توێژەر توێژینەوەی لەسەر ئەنجام داوە، بەڵام لە هەندێك ناوچەی تردا زاراوەی تری بۆ بەكار دەهێنن وەكو سترانی مێرانی، شەڕوشۆر، كەلام، دەنگبێژی، سترانێن كۆچك و دیوانا، هەروەكو ئۆردیخانێ جەلیل دەڵێ: لەناو كورد دا لاوك سترانێكی دیار و بەربڵاوە، كوردانی باكوور و ڕۆژئاوا پێیدەڵێن سترانا میرانیێ یان دەنگبێژی یان سترانا شەڕا و كوردانی باشوور پێی دەڵێن لاوك. (ئۆردیخانێ جەلیل، ١٩٧٧: ٦-٧).

بەر لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بەڕای توێژەر لاوك و دەنگبێژی دوو بابەتی جیاوازن لە ڕووی فۆرم و شێواز و پێكهاتەوە، بەڵام بەپێی وتەكانی ئۆردیخان بۆمان ڕوون دەبێتەوە، كە ئەمانە وەكو یەكن و تەنها لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكیتر ناوی تریان هەیە، چونكە هەموو ئەو موزیككارانەی ئاشنایەتیمان لەگەڵیان هەیە لە باكوور، زاراوەی لاوك بەكار ناهێنن، بەڵكو لە مەبەستەكەت حاڵی نابن تاوەكو نەڵێی دەنگبێژی.

زۆرێك لەو پێناسانەی بۆ لاوك كراون زیاتر وەكو بابەتێكی ئەدەبی یان گۆرانیەكی میللی ناساندوویانە یانیش لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە باسیان كردووە، یان ئەوەتا لە شیعر و پەخشان نزیكی دەكەنەوە، بەڵام زۆر بەكەمی ڕژاونەتە سەر لایەنی پێرفۆڕمانس و پێكهاتەی موزیكی لاوك. لە میانەی گەڕانەكانمانەوە هیچ شیكردنەوەیێكی موزیكیی لاوكمان بەرچاو نەكەوت، جگە لە چەند ڕستەیەكی كەم نەبێت، كە لەسەر مەقام و بەرزی و نزمی دەنگەكانی كراوە، بۆ نموونە عادل هاشمی كەسایەتیەكی

بە ڕەچەڵەك عەرەبە و بەدواداچوونی بۆ چەند گۆرانیبێژێکی کورد کردووە، لەم بارەوە دەڵێ: لاوك بە پلەیەکی بەرزی دەنگ دەگوترێ، زۆر خۆش و گەرموگوڕی تێدایە و بواری گۆڕانکاری ئاواز و دەنگی تێدایە. (عادل هاشمی، ٢٠١٢: ١٧).

هەروەها ڕزگار خۆشناو موزیسیانی کورد لەسەر هەندێك لایەنی مەقام دواوە و کەمێك وردتر نزیکی قوڵایی لاوك بۆتەوە و دەڵێ: لاوك لە شێوەی مەلحەمەیەکی شیعریدایە، گەلێ دیاردە ئەخاتە ڕوو. لەو دیاردە هەرە دیارانەی مەسەلەی دڵداری و کێشەی شەڕ و شۆڕ، هەڵوێستی ئازایەتی پیاوە چاونەترس و دڵقایمەکانی کورد لە سەردەمێکی دیاری کراودا دەگێڕێتەوە. بە شێوەیەکی کاریگەر بە بەیات دەگوترێت، جار جاریش بە حیجاز بە هەموو سکێڵەکانی موزیك بەگوێرەی بەرزی و نزمی دەنگەکە دەگوترێت. (رزگار خۆشناو، ١٩٨٠: ٤٠).

یاخود لاوك شێوە موزیکێکی ریتمی سەربەستە، کە تایبەتە بە ناوچەی کرمانجی. زیاتر ناوی لاوك بۆ ئەو شێوە موزیکییە بەکارهاتووە، دیارە ئەو شێوە موزیکییە زیاتر وەکو لاوك ناسراوە. تەنیا ناوی لاوك بەکاردێنن تاوەکو سەرشێوان دروست نەکات لەگەڵ زاراوەکانی دیکە، کە هەر لە شێوە گوتنی موزیکی لاوکن، وەکو پایزۆك، حەیرانۆك، کەلام، بەیت و زۆر ناوی دیکە. (جەلیل ئازید، ٢٠١٦: ٥٢٣). دکتۆر جەلیل پێیوایە شێوازەکانی تری گۆرانی ڕیتمی سەربەست وەکو پاییزۆك، حەیرانۆك، کەلام و بەیت هەموویان شێوازی وتنی لاوکیان هەیە، تەنها بۆ ئەوە ناوی تریان ناوە، تاوەکو سەرلێشێوان دروست نەکات لەگەڵ لاوك، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەیدا نین، بەڵکو هەریەکێك لەم شێوازانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ڕاستە لەیەکچوونیان هەیە لەزۆر ڕووەوە بەڵام هەر یەکێك لەمانە فۆڕم و شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە، هەم لەڕووی ناوەڕۆکی دەقەکانەوە هەمیش لەڕووی پێکهاتەی ئاوازەوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە ئەم ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە ببێتە (فۆڕمی پێرفۆڕمانسی لاوك و حەیرانۆك) توێژینەوەیێکی بەروادکاریە، تاوەکو ئەم بەراوردانە بخەینەڕوو. لە دیمانەیەکی تەلەفۆنیماندا لەگەڵ دڵشاد محەمەد سەعید موزیکژەنی ناسراوی کورد پێیوایە، کە: هەموو گۆرانیە ڕیتم سەربەستەکانی دەڤەری بادینان، وەکو لاوك، حەیرانۆك، پاییزۆك، سیریلیك، نارینك، خزێمۆك هەر یەکەیان فۆڕمێکی موزیکی سەربەخۆن و زادەی لاوك نین (دلشاد محەمەد سەعید، دیمانەی تەلەفۆنی، سێشەم ٢٠٢٢/٠٨/٢٣ کاتژمێر ٠٦:٣٠ ئێوارە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە، لە زۆر ڕووەوە ئاشنایان کردین بە لاوك و هەموویان جێگای ڕێز و ستایشن و لەئەنجامی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونەوە بەرهەم هاتوون، کەچی لەڕووی موزیکی و پێرفۆڕمانسەوە، پێمانوایە کە هەویرەکەمان پێویستیی بە ئاوی زیاترە. بە پشتنەستن بە بیروبۆچوونی هەموو ئەوانەی کە لە سەرەوە باسمان کردوون و بەپێی شارەزایی خۆمان لەم بوارەدا، دەتوانین بڵێین کە لە دیدی ئێمەدا لاوك جۆرێکە لە گۆرانی کوردی کە سەربەستە لە ڕووی ڕیتمەوە و خایاندنی کورتی و درێژی دەنگەکانی جێگیر نییە، بەڵکو بەپێی هەستی لاوکبێژەکەیە. لاوك ئاوازێکی ڕەسەنی کوردییە بەردەوام دەنگەکانی لە بەزی و نزمیدا دەجولێن و لە دەنگی بنچینە (Tonic)دا دەوەستن. لاوك فۆڕمێکی گۆرانی کوردییە، چونکە سەرەتا و بەرەوپێشچوون و کۆتایی هەیە.
لاوك جۆرە پێرفۆڕمانسێکی گۆرانی ئامێزە، کە سەرەبارِ و کاتی تۆنەکانی ڕوون نین، لە هەر میانەیێك دەستپێبکات، لە دواییدا بەرەو ئاراستەی دەنگی بنچینە (تۆنیك) شۆڕ دەبێتەوە. لاوك هەیە فۆلکلۆرە، کە خاوەنەکەی نەزانراوە و لاوکیش هەیە، کە خاوەنەکەی دیارە، واتە لاوك تەنها گۆرانیەکی فۆلکلۆری نییە.

### ٢-١ زاراوەی لاوك

لاوك وشەیەك نییە، کە نامۆ بێت بە نەتەوەی کورد، پێمانوایە جگە لە زمانی کوردی، ئەم وشەیە مۆرکی هیچ نەتەوەییێکی تری پێوە نییە. لەم تەوەرەی توێژینەوەکەماندا لەڕووی زاراوەوە لەسەر لاوك دەدوێین و ڕاو بۆچوونی شارەزایان تاوتوێ دەکەین. مەجید خۆشناو پێیوایە: وشەی لاوك لە ڕووی مێرفۆلۆژییای زمانەوە ساغکردنەوەی دەوێ، لەوانەیە لە وشەی لاو واتە خورت، لاو، گەنج، تۆلاز وەرگیرابێت، چونکە لاوەکان لە ڕووداوەکاندا نەبەری و خۆڕاگری و جوامێری دەنوێنن. کاتێ وشەی لاوك لە گوێماندا دەزرینگێتەوە چەندەها ڕووداو بە قەرەپەستانە خۆیان داوێنە ناو بیرو هۆش و دڵمانەوە. ( مەجید خۆشناو، ٢٠١٠: ٣٩). مامۆستا جەلال خۆشناو پێیوایە: لاوك وشەیەکی کۆنی کوردییە، لە وشەی (لاو)ی کوردییەوە هاتووە، (لاو) وشەیەکی فەرهەنگییە بە واتەی جاحێل، گەنج، یا تۆلاز هاتووە، بێگومان هەرەتی لاویش هەرەتێکی تووندوتیژ و ڕوو لە گۆڕانە لە پلەیەکی ژیاندا بۆ پلەیەکی پێشکەوتووتر و بەرزتری ژیان دەڕوات. کەواتە لاوك واتای گۆڕان لە قۆناغێکی ژیاندا بۆ قۆناغێکی تری ژیان دەدات بەدەستەوە. (جەلال مەلا حەسەن خۆشناو، ١٩٩٠: ٣). محمەد عوسمان

زاراوەی لاوك دەگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەی کرمانجی ژووروو و دەڵێ: زاراوەی لاوك وەکو هەر زاراوەیێکی تر بۆ جۆرە گۆرانیەکی فۆلکلۆری بەکارهاتووە، کە مەڵبەندی بەکارهێنانی ناوچەی کرمانجی ژوورووە. ( محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ٢٠).

دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ دەربارەی زاراوەی لاوك بەم جۆرە بۆمان باس دەکات و دەڵێ: ئەم وشەیە (لاو) بە واتای گەنج، جحێل، هەرەتی لاو هاتووە. زیاتر ڕەگەزی نێرە. (لاو) و پیتی (ك) بۆ مانەوەی هەرەتی گەنجی لاویەتی هاتووە کە بووە بە لاوك واتە هەر لاوەو گچکەیە. (شوکریە رەسول، ٢٠٠٨: ١١٣). بەهەمان شێوەی شوکریە ڕەسوڵ، محەمەد عوسمانیش پێیوایە کە: زاراوەی لاوك بنچینەکەی لە وشەی (لاو)ەوە هاتووە، بەواتای گەنج یان جحێل، خورت هەریەکە لەمانە. ئەو پیتی (ك)، کە دوای وشەکە هاتووە زیاتر بۆ خۆشەویستی و بچووکی کەسەکە دێت، ئەو کەسەش لە ڕەگەزی نێردایە، کە دەوری سوارچاکی و قارەمانیەتی دەبینێت. (محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ٢٠). حوسێن فەتاح پێیوایە لاوك لە لاواندنەوە هاتووە، پێمانوایە ئەم بیروبۆچوونە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، هەروەکو ئیکرام ئۆغوزیش (لە بەشەکانی تری ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان بە دەق و سەرچاوەی ئەم ئاخافتنە کردووە) پێیوایە هەموو ئافرەتانی کورد گۆرانیبێژن، چونکە بە لایەلایە منداڵە ساواکەیان دەخەوێنن. ئێستاش ئەم حاڵەتە لەنێو بادینیەکاندا هەیە کە ئەگەر منداڵە ساواکە کوڕ بێت، وشەی لاوك بەشێکی زۆر گرنگە لەم لاواندنەوەیەدا و بە بەردەوامی دایکەکە وشەی لاوێ من یان لاوێمنۆ دووبارە دەکاتەوە. بۆیە پێمانوایە ئەم ڕایەی حوسێن زۆر پەسەندە کاتێك دەڵێت: وشەی لاوك لە وشەی لاوی کوردییەوە هاتووە، یان لاواندنەوە دێت. کاتێ وشەی لاوك دێتە گوێمان چەندەها ڕووداو و بەسەرهات و داستانی قارەمانیەتی دێنێتە ناو بیر و هۆش و دڵمانەوە. ( حوسێن فەتاح حوسێن، ١٩٩٩: ٥). هەروەکو ئاشکرایە زۆربەی ئاخافتنەکان لەیەکەوە نزیکن. مامۆستا خەزنەدار لەم بارەوە دەڵێ: وشەی (لاوك) بۆ ئەم بابەتە شیعرییە بەکار ئەهێندرێ، کە بە شێوەی کرمانجی سەروو (بادینان) هەڵدەبەسترێ، و زیاتر لە ناوچەکانی دهۆك و ئاکرێ و زاخۆ و زێبار و دیاربەکر و گەلێ شوێنی تری کوردستانی تورکیا باوە. ئەگەرچی کوردەکانی کوردستانی تورکیا و وڵاتانی سۆڤیەت (ستران) یا (کەلامی، کەلامی میرانی) یا (بەیت)ی پێ ئەڵێن. ( مەعروف خەزنەدار، ١٩٦٢: ٣٩). بە پشتبەستن بەو وتەیەی مامۆستا خەزنەدار و لە ئەنجامی بەدواداچوونەکانمان، بۆمان دەرکەوت، لەسەرجەم ناوچەکانی کرمانجی و بادینیدا وشەی

لاوك بەکار ناهێنرێت، بەڵکو تەنها لە ناوچەی بادینان بەکاردێت، لە ناوچەی بۆتان و جزیردا زاراوەی لاڤژە یان لاوژە زیاتر بەکاردێت و لە سەرحەد و دیاربەکرد پێیدەڵێن دەنگبێژی و لە کوردنشینانی ئەرمینیا و ئەو ناوچانە پێیدەڵێن کەلام.

مامۆستا ئەسعەد قەرەداغی ڕایێکی جیاوازی هەیە، کاتێك دەڵێ: لاوك یاخود بەیتی لاوك، کۆنە وشەیەکی کوردی ڕەسەنە، کە پێدەچێت لە (لۆ)وە هەڵێنجرابێت و بۆ درێژەپێدان لەسەر زار و هێنانی بۆ سەر باری ڕەزمێکی مۆزیکی بووبێتە لۆلۆ کە دەشێت بەمانای ڕۆڵە بێت و گوزارش لە دلێری و جوامێری بکات، دوایی وەك نازپێدانێك بۆ ئەو پەیڤە و شێوگێکی زاراوەیی بەسەردا بڕابێت و بووبێتە لاوك. ( ئەسعەد قەرەداغی، ٢٠٠٨: ٢٦٥). لەڕاستیدا (لۆ) بەتەنها لە زمانی بادینیدا هیچ واتایەك نابەخشێت، بەڵکو جۆرێکە لە ڕازاندنەوە کە لەنێو دەقەکانی لاوکدا بەکاردێت کە زۆربەی کات بە (لۆ، لۆ) واتە دوو دانە بەیەکەوە دێن، هەروەها زۆربەی ئەو ڕایانەی سەرەوە، باس لەوە دەکەن، کە لاوك لە وشەی (لاو)ەوە هاتووە، کە ئەمە لەڕووی لۆژیکەوە دەکرێ، بەڵام ئەستەمە باوەڕ بەوە بکەین، کە لە وشەی (لۆ)وە هاتبێت.

دەربارەی بەکارهێنانی وشەی لاوك لەنێو کۆمەڵگای بادینیدا، وشەی لاو یان لاوك بۆ زۆر مەبەست دەکاردێت لەوانە بە مەبەستی جوانی. کاتێك کچێك، کوڕێك، هەر شتێك جوان بێت، پێیدەڵێن (گەلەك لاوە). هەندێکجار بە مەبەستی (کابرا)دێت کاتێك دەڵێت "لاوکی چ نەگۆت؟" هەروەها لاوك وەکو ناوی کەسیش بەکاردێت. ئێمە پێمانوایە کچ و ئافرەتان ئەو زاراوەیان ئافراندووە، بانگی دڵخوازی خۆیان کردووە، کە بەهەر هۆکارێك بێت نەیانتوانیوە ناوی بهێنن، بە لاوێ من یان لاوۆ بانگیان کردووە.

### ٣-١ لاوك لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

ئاشکرایە دەقەکانی لاوك بە زمانێکی سادە نووسراونەتەوە، بۆیە تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی لاوکەکان دژوار نییە. هۆکارگەلێك هەن بوونەتە هۆی ئافراندنی لاوك، لەوانە باسکردنی هەموو ئەو نەهامەتی و برس و تراژیدیایانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون، گێڕانەوەی داستانە قارەمانەتییەکان و سەرکردە ئازاکانی کورد و بەرگرییان لەهەمبەر داگیرکەرانی وڵات، هەروەها ئاخ و حەسرەتی ئەڤیندارانی بەیەکنەگەیشتووی کورد و چەندین هۆکاری تر، لەمبارەوە نورەدین سەعید دەڵێ: ناوەڕۆکی دەقی لاوك بەتەواوی سروشتی ژیانی گەلی کورد دەردەخات. باسی هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردەواری دەکات

وەکو ئازایەتی و مەردایەتی کورد و بەجێهێنانی سۆز و پەیمانەکان و ڕەوشتی بەرزی کۆمەڵی کوردەواری. (نورەدین سەعید مستەفا، ١٩٨٨: ٨).

دەبێت ڕەوشێك لە ئارادابێت تاوەکو لاوك بنووسرێتەوە، چونکە ئەگەر بڕوانینە ڕەوشی ئێستای لاوك، دەبینین زۆر بە کەمی بەرهەمدێن و ئەگەر بشنووسرێنەوە زۆربەی هەرە زۆریان ناوەرۆکیان ئەڤینداریيە، تەنانەت لە کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و بگرە شەڕی داعشیش زۆر بەکەمی لاوك بەرهەم هاتوون.

لاوك لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پانتاییەکی فروانی هەیە. زۆرێك لەو بیروبۆچوونانە لاوك وەکو سترانی شەڕوشۆڕ ناودەبەن، کە ئەمە جێگای سەرنجە، هەروەکو دکتۆر شوکریە پێیوایە: لەناو گۆرانی کوردیدا ئەو ناوەڕۆکە بەرزە دەرئەکەوێ، کە مێژووی گەلی کوردی تۆمارکردووە و بووە بە سەرگوزوشتە و داستان، ئەو داستان و سەرگوزەشتانەی کە مێژووی شەڕ و شۆڕیان تۆمارکردووە بە بەیتی (مەجلیس ناسراون) کوردەکانی ژووروی ڕۆژئاوا پێی دەڵێن (سترانی میرانی) یا (سترانی سیارا- سوارە)، سترانێ شەڕا، کوردەکانی باکوور پێی دەڵێن سترانی (ئۆسارا یاخود لاوك). (شوکریە ڕەسوڵ، ١٩٨٤: ١٤٤).

بەڕای توێژەر لە ناوچەی بادینان (حەیران یان حەیران ژارۆ) هەیە و حەیرانۆکیش هەیە، کە بابەتەکانیان تەنها باس لە ئەڤینداری دەکەن و نارژێنە سەر بابەتی قارەمانیەتی و شەڕ. دەکرێ لاوك وەکو گۆرانی شەر بناسێندرێت و حەیرانی دەڤەری بادینانیش وەکو سترانی ئەڤینداری دیاری بکرێت.

شارەزایان باسیان لە ناوەڕۆکی لاوك کردووە، میهرداد ئیزەدیی لەبارەی ناوەڕۆکی لاوك دەڵێت: هەرچی لاوکە، ئەوە بۆ باسی ئازایەتی و چیرۆکی قارەمانێتی و مەردایەتی تەرخان کراوە. (میهرداد ئیزەدیی، ٢٠٠٨: ١٦). وەکو لەو بۆچوونەی میهرداد دیارە لاوکی تایبەت کردووە بە سترانی شەڕوشۆڕ، هەروەها محەمەد حەمە باقی لەو ڕووەوە دەڵێ: ناوەڕۆکی موزیك و گۆرانی کوردی، هەر لە لاووك و لاوژەوە، تا بەیتەکان، کە زۆربەیان داستانی شۆڕش و میرنشین و قارەمانە میللی و جوانەمەرگ و بەئاکام نەگەیشتووەکانی کوردستانن. هەموویان نەك تەنها توێژاڵ، بەڵکو هەناسەیەکی پڕ ئاخوئۆف و ئای ئای و خەمێکی خەستیان تێدایە. لە لاوك و لاوژەکاندا، ئەگەر بەسەرهاتی شۆڕشگێڕانەی بەئاکام نەگەیشتوش نەبن؛ ئەوا هی دار و دڵخوازی بە ئامانج نەگەیشتون. ( محەمەد حەمە باقی، ٢٠٠٢: ١٣)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەجید خۆشناو لاوك بە سترانی شەڕ و دڵداری دەناسێنێت و پێیوایە: لاوك بە دۆڵ و چیای سەرفرازی کوردستان بەرەو گۆڕەپانی جەنگی مان و نەمان و بەرهەڵستی دوژمنان و داگیرکەران و جێژوانی رۆڵە داوێن پاکەکانمان دەبات لە دیوەخانی برا گەوران و پیاو ماقوڵانی نەتەوەکەمان دەست لە ئەژنۆ و چاو بە فرمێسك زامی هەرە گەورەی کۆن و نوێمان دەکولێنێتەوە بە بەژن و باڵای کیژۆڵە نەشمیلە دەست و پێ بە خەنە و چل و چوار کەزی بە کل و کلدان و ئاهی نامورادی خەج و ستی و خەزال و ئەسمەرێ کابایزی دا هەڵدەڵێ. (مەجید خۆشناو، ٢٠١٠: ٤٠)، بەڵام بە پێچەوانەوە شوکریە ڕەسوڵ لاوك نابەستێتەوە تەنها بە شەڕوشۆڕ، بەڵکو بە گۆرانی دڵداریش ناوی دەهێنێت و دەڵێ: ناوەڕۆکی لاوك باسی قارەمانیەتی و شەڕ و شۆڕ و سەرزەنشت و دڵدارییە. بەتایبەتی لاوکی شێخ مەحمود، خەلیلۆ، سوارۆ، باویل ئاغا و سمایل بەگی ڕەواندوز و لاوکی دەروێشێ عەبدی. ( شوکریە رەسوڵ، ١٩٨٤: ١٠٨). لاوك ئاشنامان دەکات بە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان کاتێك لەنێو دەقی لاوکەکاندا، ناوی چیا و دۆڵ و ڕووبار و کانیاوەکان دێن. هەروەکو یاسین گۆران پێیوایە: لاوك ناوی دەشت و دۆڵ و کانیاو و ڕووبار و چیاکان دەستنیشان دەکات. (یاسین حەسەن گۆران: ٤).

دکتۆر شوکریە باس لە ساتەوەختی چڕینی لاوك دەکات و لێرەدا وەکو سترانی شەڕ و پاڵەوانیەتی دەیناسێنێت و دەڵێ: گۆرانی میرانی (لاوك) لەکاتی کۆچکردن و بارکردن ناوترێ، بەڵکو گۆرانیبێژ یاخود دەنگبێژ ( زۆر جار زاراوەی دەنگبێژ لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بەتایبەت لە باکوور وا دەردەبڕدرێت، کە گوزارشتە لە فۆڕمێکی تری گۆرانی (ریتمی سەربەست) و هەمان ئەو لاوکە نیە کە ئێمە باسی دەکەین، بەڵام لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە هەمان ئەو لاوکەیە کە کوردەکانی باکوور ناوی دەهێنن بەڵام لە باشوور پێی دەگوترێت دەنگبێژ یاخود دەنگبێژی.) لە کاتی ئێواران بە جەماعەت کۆدەبنەوە، ئەوکاتە گۆرانیبێژ (ستران)یان دەربارەی شەڕ و پاڵەوان و گەورەی رابردوو دەگێڕایەوە. ( شوکریە رەسوڵ، ١٩٨٤: ١٤٤).

ئەوەی جێگای سەرنجە، بابەتی زۆربەی لاوکەکان خەم و ئازار و تراژیدیایە و زۆربەی هەرە زۆری لاوکەکان کۆتاییەکەیان ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی تێدا بەدی ناکرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەیە لەژیانی پڕ نەهامەتی تاکی کورد. هەروەکو محەمەد عوسمان بۆمان باس دەکات و دەڵێ: لە لاوکدا باسی ڕووداوێکی قارەمانی یان ئەڤینی و دڵداری دەکات و لاوکبێژ بەشێوەیەك ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆتاییەکەی بەشێوەی مەرگەسات(تراژیدیا) کۆتایی پێ دێت، ئەگەر لاوکەکە دڵداری بێت، ئەوا ئەنجامەکەی بەیەك نەگەیشتنە لەلایەن کور و کچەکەوە. ئەگەر قارەمانێتیش بێت، ئەوا گیانفیدایی و ئازایەتی و سوارچاکی تێدا بەدی دەکرێت. ( محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ١٥).

یاسین حەسەن گۆران دەڵێ: لاوك برینی بێ تیماری ئەڤینداران دەکوڵێنتەوە. ( یاسین حەسەن گۆران: ٥). ئەمەیان، وەکو خویەکی تاکی کورد و ڕۆژهەڵات بەگشتییە کە لەکاتی ئەڤینداربووندا، حەز بە گوێگرتن لە گۆرانی خاو یاخود لاوك و حەیران و هتد.. دەگرێت. لاوکیش بگرە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا سێبووری و دڵنەوایی عاشقانە.

لە لاوکدا کچ بەسەر کوردا دەڵێت بە پێچەوانەی حەیران کە کوڕ بەسەر کچ دا دەڵێت، ئەمەش سروشتی لاوکەکە خۆی وایە، بەڵام هەندێ جار وا ڕێك دەکەوێت، کوڕەکەش بە کچەکەدا دەڵێت، ئەمە لە هەندێ لاوکی کوردیدا بە دیار دەکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی کەم. ( محەمەد عوسمان محەمەد: ١٦) ئەگەر لەم وتەیە وردبینەوە، لە ڕوویکەوە زۆر لوژیکیە، کە لاوك سترانێکی ئافرێندراو بێت لەلایەن کچان و ئافرەتانەوە، چونکە وشەی لاوۆ زۆر بەکاردێت لە لاوکدا، ڕەنگە لاوکیش هەر لەوەوە هاتبێت، زۆرێك لە لاوك هەن بە وشەی لاوکۆ دینۆ دەستپێدەکەن، هەروەها لە زاراوەی بادینیدا هەموو شتێك نێر و مێی هەیە، هەرگیز گوێمان لێنابێت کوڕێك لاوکێك بۆ کچێك بڵێت و لەجیاتی وشەی لاوکۆ دینۆ، بڵێت لاوکێ دینێ. چونکە لاوك وشەیەکی نێرە و هیچ کاتێك نەبۆتە مێ. لە ڕوویێکی ترەوە، زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانەی لاوك دەبێژن پیاون، ئەمەش پێدەچێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە کۆمەڵگە و داب و نەریت و شەرمنی کچی کورد وایان کردبێت، کە پیاوان ببنە پاڵەوان لە لاوك وتندا.

لە ناوەڕۆکی لاوکەکاندا زۆرجار خۆشەویستی نێوان دوو کەس بۆتە کێشەی نێوان دوو هۆز و هەندێکجار شەڕ و کوشتاریشی تێکەوتووە، بەجۆرێك هەر لاوکێك کێشەو بابەتی خۆی هەیە، بەڵام کێشەکە لە سەرەتا لە خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕێك سەرهەڵدەدات و دواجار دەبێتە کێشەی نێوان دوو هۆز و دوو ئایین و دوو نەتەوە. ( محەمەد عوسمان محەمەد: ١٦).

ئەسعەد عەدۆ، لاوك بە سترانی جەنگ و دڵداری ناودەهێنێت و دەڵێ: لاوك لە چەند چەشنەبەیتێکی جۆراوجۆر و چەند دیمەنێکی تراژیدانەی جیاواز لەنێو ژیانی کوردەواریدا ڕەگەژۆی هونەری چاندووە. لەوانەیش یادکردنەوەی کەسێکی دلاوەر و پێشەنگ لە ڕووداوێکی جەنگدا، ڕۆڵەیەکی بەجەرگ و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەبەرد کە جوانەمەرگ بکرێت، یاخود سۆزدەربڕینی کیژە جەوانێکی هەرەت نەوبەهاری شۆخ و شەنگ پێینابێتە ژینبارێکی ئەندێشەییەوە و لاوە دڵدارەکەی بلاوێنێتەوە. (ئەسعەد عەدۆ، ٢٠١٥: ٢٦٥) هەروەها دکتۆر جەلیل ئازید لەبارەی ناوەڕۆکی لاوکدا دەڵێ: ناوەڕۆکی لاوکەکان زیاتر لەو شێوە بابەتانە دەدوێ وەکو: ئەڤینی، شەڕ، مێژوو، ڕوودەوەکانی کوردەواری. هەروەها چیرۆك و ستران باسی کەسایەتییە کوردەواریەکان و داستانەکانی ئەڤینی وەکو مەم و زین، خەجێ و سیامەند و ئیدیکە دەکەن. (جەلیل ئازید، ٢٠١٦: ٥٢٣) یاسین گۆرانیش هەمان ئەم ڕایەی سەرەوە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: لاوك بێژە بلیمەتەکانی نەتەوەکەمان بە دەنگ و سەلیقەیەکی پڕ بە سۆز و دڵتەزێن ڕووداوەکانی دوور و نزیکی ژیانی کوردەواریمان دەگێڕنەوە، تێدا باسی: قارەمانێتی و ئازایی و گیان فیدایی و ئەڤینی و سوارچاکی و خۆبەختکردن لەپێناوی خاك و نیشتماندا دەگێڕنەوە. (یاسین حەسەن گۆران: ٣).

لەمانە بۆمان دەردەکەوێت، کە بابەتە سەرەکیەکانی لاوك پێکهاتوون لە شەڕوشۆڕ و دڵدار و لە هەر یەکێك لەم جۆرانە لق و بابەتی تریان لێدەبێتەوە، بۆ نموونە بابەتەکانی قارەمانیەتی، بەرگریکردن، خۆنادان بەدەستەوە، پەیمان و سۆز و هەموو ئەو بابەتانە دەچنە ڕیزی بابەتی شەڕەوە و هەموو بابەتەکانی پێهەڵدان، وەفاداری، خۆشویستن، ڕەڤاندن، ڕاموسان و چەندین بابەتی تر، دەچنە ڕیزی لاوکی دڵداریەوە. هەندێك لەو بابەتانە خۆیان لە هەردوو جۆرەکانی لاوکدا دەبیننەوە وەکو بەستن یان شکاندنی سۆز و پەیمان.

**٤-١ لاوك لەڕووی ڕوخسارەوە**

لەم بەشەدا دەمانەوێت لە ڕووی کێش و سەروا و ڕیز و بەندەوە، لەسەر لاوك بدوێین. ڕاستە لەڕووی داڕشتنی فۆرمەوە لاوك ئاوازێکە، کە ڕیتمێکی سەربەستی هەیە، بەلام لەڕووی سەرواوە یەکڕیزیەك لە زۆربەی لاوکەکاندا بەدی دەکرێت. مەجید خۆشناو پێی وایە: کێش و قافیەی ڕستەکان بەپێی مانا دەگۆڕدرێن. قافیە لە لاوکدا دەوری لە کێش گرینگترە. شیعرایەتی لاوك لە قافیەدا ڕوون و دیارترە. لە زۆربەی لاوکەکاندا قافیەی یەکەمین ڕستە لەگەڵ قافیەی دوا ڕستە جووت دەبن. (مەجید خۆشناو، ٢٠١٠: ٤٠). کەواتە قافیە یاخود سەروا لە لاوکدا بەڕوونی دەبیندرێت، هەروەکو ئەم نموونەیەی خوارەوە لە لاوکی مەیرێدا:

هەیلێ مەیرێ، دێرا چەنگەلی خوەش مکانە
ئیسال حەفت سالە، ئەز و مەیرۆکا خوە هێسیری و دیلی تێ مانە
گەلی و گوندی، مال و جیناران، دل کو کەتیە دلان
مەبێن شوخلێ جنانە، بێن حوبێ دلانە (حەجیێ جندی و ئەمینێ عەڤدال، ٢٠٠٨: ٣٨٩).

ئەم نموونەیەی سەرەوە دەبینین یەك ڕیزی هەیە لە کۆتایی هەر ڕیزێکدا، جگە لە ڕیزی سێیەم، کە بە وشەکانی مکانە، مانە، دلانە، کۆتاییان دێت. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە هەموو لاوکەکان سەروایان لەیەك دەچێت، بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە کە جیاوازی سەروامان پیشان دەدات لە لاوکی دەروێشێ عەبدی کاتێك عەدلێ دەڵێ:

ئەزێ ڕابم سینگێ خۆ بکەمە سنی
مەمکێ خۆ بکەمە فنجانێ قاوێ
ڕابم خۆ ب گولاوێ بڕەشینم
میسالا گولان و گولەبەندان، بچمە پێش کورە دەروێشێ خۆ ..... هتد (محمدی مەلا کەریم، ٢٠٠٩: ١٥).

ژمارەی ڕیزەکانی لاوك لە هەر بەندێکدا دیاریکراو نین، لاوك هەیە ڕیزەکانی هەر بەندێك یان کۆپلەیەك لە بیست تاکو سی ڕیز یاخود زیاتر پێکدێت، بەڵام کۆپلەی دووەم ژمارەیان زیاتر یاخود کەمتر دەبێتەوە، ئەمەش بۆ گەیاندنی مەبەستی کۆپلەکە دەگەڕێتەوە، یاخود بەپێی پێویستی دەربڕینەکەیە. لەم بارەوە مارف خەزنەدار دەڵێ: لاوك لەڕووی قافیەوە بە شێوازی خۆماڵی دەنوسرێتەوە، واتە بە یەك وێنە خۆی نانوێنێ، بەڵکو بەپێی پێویست شاعیر بەکاری ئەهێنێت و خۆی بەند ناکا بە یەك قافیەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە زیاتر ئازاد بێ لە دەرکردنی بیروباوەڕی. (مەعروف خەزنەدار، ١٩٦٢: ٦٤).

لاوك و چیرۆك پەیوەندییەکی پتەویان هەیە. چیرۆکەکانی خەج و سیامەند، خەلیل بەگ، جەمبەلی و بنەفشا نەرێ و چەندین چیرۆکی تر بە هەماهەنگی لاوك دەوترێن. لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا، ناوە ناوە دەقەکانی چیرۆکەکە بە لاوك دەوترێن. محەمەد بەکر دەربارەی پەیوەندی نێوان چیرۆك و لاوك دەڵێ: تەکنیکی لاوك لەو ڕووەوە کە مەودایەکی کاتی و پانتاییەکی ڕوودانی فراوانی هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر لە تەکنیکی چیرۆك نزیك دەبێتەوە. (محەمەد بەکر، ٢٠١٤: ١٣٠). هەر لەسەر هەمان بابەت محەمەد عوسمان پێیوایە: لە رووی تەکنیکەوە زیاتر لە چیرۆك نزیکە، بەڵام بە شێوەی گۆرانی

دەگوترێتەوە، وەکو چۆن شیعریش دەکرێت بە گۆرانی، بەتایبەت شیعری فۆلکلۆری، بەڵام شیعری گۆرانی ژمارەی دێرەکانی کەمترە، کەچی لە لاوکدا زۆر درێژترن و مەودایەکی فراوانی هەیە، کاتەکەشی زیاترە و ڕووداوەکانی ناوی چڕو پڕترن. (محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ١٦).

هەموو ئەو دەربڕینانەی لەم تەوەرەدا هەن، باسی ئەوە دەکەن کە لە لاوکدا کێش و سەروا زۆر گرنگ نییە، بەتایبەتی کێش، ئەمە جێگای پەسەندە، کە کێش لە لاوکدا گرنگ نییە، بەڵام سەروا بوونی هەیە لە زۆربەی لاوکەکاندا، بەتایبەنی لاوکە هاوچەرخەکان و زۆربەی لاوکەکانی ئێستا لە شیعری گۆرانیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ نموونە ئەم لاوکەی مێرەمی لەلایەن ئەیاز زاخۆییەوە وتراوە:

یاری دلۆ مێرەمێ

یاری دلۆ مێرەمێ دە شەڤە دیسانێ ب من و بەژنەکا بلند شەڤە

دە تو رابە جیکێ من و خۆ ب عەولی ل تاخا ژۆری، دە دەڤێ نڤینکێ من و بخۆ بدە تەڤە

دە ترسا م کورکی ترسە، سەرێ شابسکێ م عەڤدالا خودێ ب دەڤێ برینێ تە بکەڤە

وەکو دیارە دەقی ئەم لاوکە سەروادارە، بەڵام لەڕووی کێشەوە برگەکانیان جیاوازن. محەمەد کەریم باسی کێش و سەروا لە لاوکدا دەکات، هەروەها باسی کورتی و درێژی و خایاندنی کاتی لاوك دەکات و دەڵێ: لاوك و حەیران لە داڕشتندا شێوەیێکی تایبەتیان هەیە و زۆر بایەخ نادات بە کێش و قافیە وە سۆز و ئاوازێکی تایبەتیان هەیە. هەموو لاوکێ بەشێوەی بادینیە و زۆری لاوکەکانیش لەسەر رابردووی کوردەواری یە لە شەڕ و شۆڕی دڵداری و ئایینی و نەتەوایەتی یە وە لاوکی وای تێدایە کە لاوکبێژ دەستپێدەکات بە سەعاتێك کۆتایی نایەت وەکو میرزاغا، حەمەی بابلی.. هتد. (محەمەد کەریم شەریف: ٢٠٥). خەزنەدار پێیوایە کێش و قافیە سەربەستترن لە لاوکدا وەك لە بەیت و بەردەوام لە گۆڕاندان، کاتێك دەڵێ: لاوك هونەرێکی شەعبی نەتەوەی کوردە، لەلایەن کێش و قافیەوە لە بەیت سەربەسترە، ئەویش لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکانی ئەگۆڕێن، هەروەها قافیەکانیشی بەپێی پێویستی مانا ئەم جۆرە هونەرە زیاتر لەگەڵ پێویستیی کورد ڕێك ئەکەوێ. ( مەعروف خەزنەدار، ١٩٦٢: ٣٨).

لە کۆی نیشاندانی هەموو ئەو ڕایانە و بەپێی شارەزایی خۆمان دەتوانین بڵێین: لە لاوکە فۆلکلۆرییەکاندا کێش واتە برگەی هەر ڕیزێك یان بەندێك گرنگ نییە، گەیاندنی پەیامەکە پێویستیی

بە هەرچەند برگە بێت ئاساییە، بەڵام سەبارەت بە سەروا، لاوك هەیە سەرواداره و هەیە سەرواى نییە. لە لاوكە نوێكاندا هەندێك جار كێش و سەروا لە لاوكدا هەیە و هەندێك كاتیش تەنها سەروا هەیە. ژمارەی ڕیز و بەندیش لە لاوكدا دیاریكراو نییە، كەواتە خایاندیش دیاریكراو نابێت.

**١-٥ جۆرەكانی لاوك**

كاتێك باسی جۆرەكانی لاوك دەكەین، دەبێت ئەوە بزانین كە لەڕووی بابەتەوەیە، واتە بەگوێرەی بابەت، لاوكەكان جیاكراونەتەوە. هەموو ئەو كەسانەی شارەزایی ئەو بوارەن و جۆرەكانی لاوكیان دیاری كردووە، وەكو بابەت لەسەری دواون، نەك لەڕووی ئاوازەوە یاخود پێكهاتەی موزیكی لاوك یان جۆرەكانی لاوك وەكو مەقام.

توێژەر پێیوایە دەبێت جۆرەكانی لاوك لە زۆر ڕووەوە دیاری بكرێت، لەوانە لەڕووی مەقام، مەودای دەنگی، جۆری دەسپێكردن و كۆتایی هاتن.

لاوك سترانێكی فرەبابەتە لەڕووی ناوەڕۆكەوە، بابەتی لاوكەكان دەستنیشانی جۆری لاوكەكان دەكەن، هەروەها بەپێی بارودۆخ و ژینگەی هەر ناوچەیەك لە ناوچەكانی كوردستان لاوك ئافرێندراوە وەكو پێویستیەكی ئەو بارودۆخەی تێیدا ژیاون. سەردەم و ڕۆژگاری لاوك قۆناغی ئازایەتی و نواندنی پاڵەوانیەتی و دروستبوونی داستان و بەسەرهات بووە، ژینگە و دەوروبەر بە نواندن و دیاركەوتنی كاری مێرخاسی و گەڕناسی خرۆشاوە، بۆیە لاوكی ئازایەتی و شەڕوانی و ئەڤینی و دڵداری و سەربرەخوانی لە دایك بوون. (ئەحمەد حەیران، ٢٠٠٦: ١٦٨). كاتێك ئاسایش لە مەترسیدا بووە و شەڕوشۆڕ بوونیان هەبووە، لاوكی هەمان بابەت پەرەی سەندووە. كاتێك ئارامی و ئاسایش بووە، لاوكی ئەڤینی و سروشت و شڤان و بێری پەرەی سەندووە.

زۆرێك لە نووسەران، توێژەران، فۆلكلۆرناسان لەسەر جۆرەكانی لاوك دواون. لێرەدا سەرنجی هەندێك لەوانە دەخەینەڕوو.

دكتۆر مەولود ئیبراهیم بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكردنی جۆرەكانی لاوك كردووە:

- لاوكی دڵداری و خۆشەویستی
- كێشەی عەشیرەتی
- لاوكی دڵداری و كێشەی نەتەوەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- لاوکی دڵداری و کێشەی ئایینزا و ئایینی
- لاوکی نەتەوەیی و رامیاری
- لاوکی غەریبی (پەرێشان خالد سابر، ٢٠١٤: ٢٤).

ڕزگار خۆشناو لە بارەی جۆرەکانی لاوک دەڵێ: لاوک گەلێ جۆری هەیە وەك خەلیلۆ، مەترانۆ، حوسەینی، عەبدالێ کوردۆ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین زۆربەی لاوکەکان بەناوی پاڵەوانی داستانەکەیە، لەبەر ئەوەی هەر لاوکێك مێژوویەك و بەسەرهاتێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە لاوکی شێخ مەحمود کە کاوێس ئاغا ئەیڵێ بەناوی شێخ مەحمود ناونراوە چونکە خۆی پاڵەوانی داستانەکەیە (ڕزگار خۆشناو، ١٩٨٤: ٢٤). یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان لاوك و حەیرانۆك ئەوەیە، کە هەر لاوکێك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە هەروەکو ڕزگار خۆشناویش هەمان بیروبۆچوونی هەیە، بەڵام بەڕای توێژەر دەبینین کە ئەوانە جۆری لاوك نین و ناکرێت لە پۆلینکردنی جۆرەکانی لاوکدا پشت بە ناوی لاوکەکە ببەستین، چونکە جۆری بابەتەکەیان لێکیان جیا دەکاتەوە نەك ناوی لاوکەکە.

جەلال مەلاحەسەن خۆشناو لە باسی جۆرەکانی لاوکی شەڕ و شۆڕ و سوارچاکیدا دەڵێ: شەڕ و سوارچاکی دوو وشەن، یەکیان تەواوکەری ئەویترە لەیەك جیا نابنەوە. قارەمانی و ئازایەتی و سوارچاکی وەك دیاردەیەکی ڕەچاوکراو لەنێو لاوکەکانی شەڕ و شۆڕ بەدی دەکرێن، ئەمەش لایەنێکی خۆرسکی گەلی کوردە. (جەلال مەلاحەسەن خۆشناو، ٢٠٠٠: ٣٨). لێرەدا مامۆستا جەلال لاوکی شەڕوشۆڕ وەکو یەکێك لە جۆرەکانی لاوك دەناسێنێت، هەروەها باسی سوارچاکی دەکات، کە لەگەڵ لاوکی شەڕوشۆڕدا وەك دووانەن.

ئەسعەد عەدۆ باس لە جۆرەکانی لاوك دەکات و بۆ هەر جۆرێکیش پێناسەیەك و نموونەی دەقێکی هێناوەتەوە. ئێمە باس لە جۆرەکانی دەکەین و نموونە و پێناسەی کەمێك لەوانە دەخەینەڕوو. بە بۆچوون و مەزەندەی ئەسعەد عەدۆ جۆرەکانی لاوك لەمانەی خوارەوە پێکدێن: (ئەسعەد عەدۆ، ٢٠١٥: ٤٩٥).

١. لاوکی مێژوویی: داستان یان سەربردەیەکی مێژوویی نەتەوەی کوردە کە لەدێر زەمانەوە ڕوویداوە و لەکاتی خۆیدا نەنووسراوەتەوە، بەڵکو لەسەر زاری شایەرێك یان لاوکبێژێکەوە وەرگیراوە. بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئای وەلاتۆ، چ عەجیبە ئولەگانا گران سەرێ کورداو کورمانجا داهاتۆ
شەرێ سەر شێخ سەعیدێ کال، باڤێ سەید عەلی هاتو کومکرن
عەشیرێ شێخ سەعیدێ کال، ئاژوتنە حەپسان و زیندانا
رەڤێ ئەسمەر و زەرییان
زنجیرا ڤیزکا عەنی گەور مەدانی ژێرا
بەرێ وان دان باژارێ ئەدەنێ
نیڤی وان سەر ساحلا دەنکزی (ئۆردیخانی جەلیل، ١٩٨٥: ٣٤).

٢. لاوکی قارەمانێتی: باسی قارەمانێتی نەتەوە بەرامبەر دوژمنان یا خێلێك بەرامبەر خێلێکی تر دەکات.

هانە سەد جارا دێ ب من هانە
کولك داکەتە سەرێ مەیدانێ
سەرێ مەیدانێ لێ بووە سندانە
خرینگ و هورێ مەحتە لێکدانە
خودێ، شرقێنێ دارێ رمانە
خودێ ڤرمێنێ دەلو نژدیانە (ئۆردیخانی جەلیل، ١٩٨٥: ٤٠).

٣. لاوکی ئەڤینی: باسی سەربردەی کچ و کورێك دەکات کە عیشقی یەکتر بوون، زۆر بەی ئەو سەربردانەش بە بەیەکنەگەیشتن کۆتایی هاتووە.

وەرە وەرە .. شەهیمایێ
وەلە د ئەشقێ تەدا وەزێ گەرپام چار قورنەتێ ڤێ دنیایێ
وەلە ئەڤینیکاتە وەز کێشامە بەر بەلایێ
بەلێ پاشی بەژنا تەیا بلند، چاڤێت تەییێت رەش و بەلەك، کەسێ دیکە ل ڤێ دنیایێ
ئاخ، سەبرا، منێ ب کێر منایێ (بەشێك لە لاوکی (شەهیمایێ) لەلایەن شوکری رێکانیەوە وتراوە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤. لاوکی سوارچاکی
٥. لاوکی شەڕو شۆڕ
٦. لاوکی تاڵان کردن
٧. لاوکی پەیمان و وەفاداری
٨. لاوکی غەریبی
٩. لاوکی پێهەڵدان
١٠. لاوکی هاندان
١١. لاوکی دەخالەت

هەموو ئەو نموونانەی لەسەرەوە باسمان کردن جۆرەکانی لاوکن بەپێی ڕای ئەو بەڕێزانە. وەك دەبینین لە هەندێکیان کەمێك زۆری و بۆری بەدیدەکرێت، یاخود ناوەڕۆکی دوو جۆریان هەمان بابەتە. بۆ نموونە لە ڕیزبەندیکردنەکانی ئەسعەد عەدۆدا، جۆرەکانی قارەمانیەتی، شەڕوشۆڕ و تاڵانکردن هەمان بابەتن، چونکە قارەمانیەتی لە شەڕوشۆڕدا دەردەکەرێت، هەروەها تاڵانکردن هەر بەشێکە لە شەڕوشۆڕ. هەر دیسان جۆری پەیمان و وەفاداری بەشێکن لە جۆرەکانی شەڕوشۆڕ و ئەڤینداری، چونکە لە ناوەڕۆکی هەردوو جۆرەکانی ئەڤینی و شەڕوشۆڕدا پەیمانبەستن و بەڵێن و وەفاداری بوونیان هەیە. لە جۆری ئەڤینیدا پێهەڵدان زۆر بەدی دەکرێت، بەتایبەت کاتێك کورە لاوك بە بەژن و باڵای دڵخوازەکەیدا هەڵدەڵێت.

کەواتە جۆری پێهەڵدانیش بەشێکە لە لاوکی ئەڤینی و بەهەمان شێوە لە لاوکی شەڕوشۆڕدا، بەتایبەت کاتێك دوو هۆز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، سەرۆکی هەر هۆزێك هانی خێڵەکەی دەدات تاوەکو مەردانە بجەنگن، نموونەشمان بۆ ئەم جۆرەیان زۆرە وەکو لاوکێ (عەمێ گۆزێ) کاتێك بەتواناکانی خۆی هەڵدەڵێت لەبەرامبەر (بشارێ چەتۆی) کاتێك بانگی دەکات:

هۆۆۆۆ بشارۆ
ئەڤە ئەزم عەمێ گۆزێمە
عیزرائیلێ ڕحێمە
کولا ل سەر کەلا مە

قالبێ زێران و مەجیدیامە

قرچکا ناڤ چاڤێت دوژمنان و نەیارا ئەزبخۆمە......

هەندێك كات وا ڕوودەدات، كە يەك لاوك خۆی لە دوو جۆردا دەبينێتەوە، وەكو لاوكی جەمبەلی كە هەم لاوكێكی ئەڤينييە و هەميش شەڕوشۆڕ. بە بڕوای توێژەر جۆرەكانی لاوك لەڕووی ناوەڕۆكەوە پێكدێن لەمانەی خوارەوە:

**١. لاوكی شەڕوشۆڕ:**

هەموو بابەتەكانی شەڕ، تاڵانكردن، قارەمانیەتی، خۆبەدەستەوەنەدان، سوتاندنی گوند و دێهات، پەیمانبەستن، لێهەڵگەڕانەوە، خیانەتكردن، ئاشتبوونەوە، پەیمانشكاندن، ژن هەڵگرتن، بەرگریكردن، ئامرازەكانی جەنگ وەكو خەنجەر و شیر و كەوان و جامبێزار و برنۆ و هتد... هەموو ئەو بابەتانە.

**٢. ئەڤینی و دڵداری:**

هەموو ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت وەكو (خۆشویستن، قوربانیدان، پێهەڵگوتن، جیابوونەوە، بەزۆر بەشوودان، پەیمانبەستن، پەیمانشكاندن، بەجێهێشتن، دووری، غەریبی، نەدان بەشوو و هەموو ئەو بابەتە كۆمەڵایەتیانەی كە پەیوەندیان بە ئەڤینداری هەیە.

**٣. لاوكی مێژوویی:**

باس لە ڕووداوی جۆراوجۆر دەكات، لەوانە شەڕ و ئەڤینی و سروشت و ئازایەتی و هەبوونی دەستهەڵات و بوونی سەروەت و سامان و مەڕوماڵات و كۆشك و تەلار هتد...

**٦-١ شوێنی جوگرافیی لاوك**

كوردستانی گەورە لەهەموو ڕوویێكەوە فەرهەنگێكی دەوڵەمەندی هەیە ، بەتایبەت لەڕووی ستران و لاوك و حەیران و بەستە و هەموو جۆرەكانی تری گۆرانی. هەر ناوچەیەك لەم خاكەدا پڕە لە داهێنان و پەیڤی جوان، كە گوزارشت لە دەروونپاكی تاكی كورد دەكەن و بێكەسی و بێلانەیی و ژێردەستەیی وایكردووە چەندان ئاوازی جۆراوجۆری وەكو ئای ئای، لاوك، هۆرە، كەلام، حەیرانۆك و حەیران لەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاکەدا سەرهەڵبدەن، کە هەریەکەیان لە ناوچەیەکی جیای کوردستان لەدایك ببن. سنووری جوگرافیی لاوك فراوانترە لە سنووری توێژینەوەکەمان، بۆیە هەندێك کات وا پێویست دەکات لە سنووری توێژینەوەکەمان دەربچین. زۆربەی هەرە زۆری شارەزایان، لاوك دەگەڕێننەوە بۆ هەموو ئەو ناوچانەی بە زاری کرمانجی و بادینی دەدوێن، هەر بۆیەشە وتمان پێویست دەکات هەندێکجار لە سنووری جوگرافی توێژینەوەکەمان دەربچین. دارا هەروامی دەڵێ: زێدی لاوك جزیر و بۆتانە (دارا محەمەد عوسمان هەورامی، ٢٠٠٨: ٩). واتە لاوك لە باکووری کوردستانەوە سەریهەڵداوە و بە ناوچەکانی تری کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. دکتۆر مارف خەزنەدار لەو بارەوە دەڵێ: لاوك لە ناوچەکانی بادینان و جەزیرە و بۆتان و هەموو ناوچە کوردییەکانی کوردستانی باکوور باوە. ئەم بابەتە لە ئەدەبی میللی کوردی لە بادینان و کوردستانی باکوورەوە دەکشێ تا دەگاتە ناوچەی ئەلەزگەی قەفقاسی ڕووسیا. (دکتۆر مارف خەزنەدار، ٢٠١٠: ٤٠). ئاشکرایە هەموو ئەو هەرێمانەی خەزنەدار باسی دەکات، نەتەوەی کوردی لێدەژی، چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد هەن لە ناوچەکانی ئەرمینیا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. ئەسعەد عەدۆش هەمان بیروبۆچوونی ئەوانیتری هەیە و پێیوایە: لاوك بۆ هەموو ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەی کرمانجی ژووروو قسە دەکەن، واتە سەر زێی بادینان، جارجاریش لەبەر تام و چێژی دەگاتە دەشتی هەولێر. (ئەسعەد عەدۆ، ٢٠١٥: ٤٩٤). هەر لەسەر هەمان بابەت محەمەد حەمە باقی لە دەستنیشانکردنی جوگرافیای شێوەگەلی موزیك و گۆرانی کوردیدا دەڵێ: لاوك و لاوژە هەموو ئەو کوردنشینانەی ئاخاوتنیان بەدیالێکتی کرمانجی باکوورە. (محەمەد حەمە باقی، ٢٠٠٢: ١٤). وەکو دیارە چیاکانی مەقلوب و شنگاڵ سنووری لاوك و حەیران لەیەکتر دەترازێنن بەپێی وتەکانی ئەسعەد عەدۆ کاتێك دەڵێ: لاوك لە چیای شنگارەوە، بەرەو مەقلوب، مێردین، خەرپووت، دیاربەکر تا دەگاتە هەوار و بنگەی باب و باپیرانی سمکۆی شکاك بە ئاسمانی کوردستان و مێژووی کورد ئاشنامان دەکا. (ئەسعەد عەدۆ، ٢٠١٥: ٤٩٥). هەر لەسەر هەمان تەوەر عەدۆ لەبارەی ئەو ناوچانەی کە لاوکی تێدا دەگوترێت دەڵێ: بە ڕای من لاوك تایبەتە بەو ناوچە پانوبەرینە، کە بە شێوەی کرمانجی ژوورو دەدوێن.. سەرچاوەکەیشی جەرگەی ئێزیدخانە. (بەو ناوچانە دەگوترێ کە کوردە ئێزیدیەکانی تێدا نیشتەجێن) ئەمەیش وا ناگەیەنێ کە لاوك ئەو سنوورەی نەبەزاندووە، بەڵکو تام و چێژی بەلەززەتی لاوك تێکەڵاو ئاوازی پڕ لە سۆزی کچەتیم حەیرانێ بووە و لاوك بێژەکان بەهۆی گەرمیان و کوێستان ئەم گۆرانیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەسەنەیان بەرەو دیوەخانی پیاوماقوڵانی خۆشناوەتی و دزەیی و جارجاریش لە پشت ڕێ (ئەو ناوچە دەکەوێتە پشت ڕێگای هەولێر- کەرکوك بەلای ڕۆژهەڵاتەوە.)پەڕیوەتەوە، بەڵگەیشمان کاوێس ئاغا و حەمەد مەندۆ و حەسەن لاوکە. ( ئەسعەد عەدۆ، ٢٠١٥: ٤٩٥).

محەمەد عوسمان هەمان ڕای ئەوانەی سەرەوەی هەیە و پێیوایە لاوك پارێزگاریی لە شێوەزاری دیالێکتەکەی خۆی کردووە و شوێنی جیاجیای جوگرافی کاریگەریی لەسەر شێوەزاری لاوك نەکردووە، لەم بارەوە دەڵێ: لاوك تایبەتە بەو ناوچانەی بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو قسە دەکەن تا دەگاتە سەر زێی گەورە، واتە: زێی بادینان شوێنی جوگرافیایەکەی هەر ناوچەی بادینانە، بەڵام لە دواییدا پەلی هاویشتووە و پەڕیوەتەوە ناوچەکانی دەوروبەری و شێوازی زمانەکەی هەر بەو شێوازەیە، کە لە بنچینەدا چۆن بووە هەر وا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار گۆڕانی زمانی تێدەکەوێت، بەڵام کار ناکاتە سەر شێوە بنچینەییەکەی و بزری نەکات. (محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ٩). دیسان لە شوێنی تردا محەمەد عوسمان بەمشێوەیە دێتەگۆ: وەك چۆن حەیران شوێنی جوگرافیەکەی دەشتی قەراج و کەندێناوەیە، سەر بە شاری هەولێر یان هۆرە لە هەورامانەوە سەرهەڵدەدات و قەتارە و ئەللاوەیسی لە گەرمیان، بە هەمان شێوە لاوکیش لە ناوچەی بادینان سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە. ( محەمەد عوسمان محەمەد، ٢٠٢٢: ٢٣).

وەك دەبینین هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە لاوك بۆ هەموو ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە، کە کرمانجی زارن، تەنانەت هیچ یەکێك لە بیروبۆچوونەکان باس لە دەشت و ناوچە گەرمیانیەکان ناکەن. هەر لە بارەی کانگای لاوکەوە دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ دەڵێت: لاوك بە زۆری بە شێوەی کرمانجی ژووروە. ( شوکریە ڕەسول ئیبراهیم، ١٩٨٤: ١٠٨).

بە پێویستمان زانی هەڵوەستەیەك لەسەر ڕای عەبدولڕەزاق بیمار بکەین کاتێك دەڵێ:

لاوك زادەی زاری کرمانجییە، بە واتای ناوچەی کوردستانی ژووروو و ڕۆژئاوا، بەتایبەتی لە دەرگا و پاوانی زۆزان و پێدەشتەکانی کوردستان، مەیدانی ڕووداوەکانە. عێل و عەشرەتی ڕەوەندەکان قارەمانی ئەو چیرۆکانەن. لەگەڵ ئەوەشدا لاوك لە چەند ناوچەیەکی سۆرانیش بڵاو بۆتەوە. لاوکبێژانی سۆران هەوڵ دەدەن تا ڕادەیەك بنەڕەتی زار زمانەکە ڕابگرن یا ڕووخساری وەك خۆی بمێنێ، دەقی ناوەڕۆکەکە بە سۆرانی پێشکەش دەکەن، بەڵام لە شێوەی تەکنیکی لاوك. (عەبدولڕەزاق

بیمار، ١٩٩٦: ٧١). ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی بیمار و پێمان وایە، کە سنووری لاوك کوردستانی ڕۆژئاواش دەگرێتەوە، چونکە ڕۆژئاواش بە دیالێکتی کرمانجی دەدوێن و زۆرێك لە لاوکبێژ و حەیرانۆك بێژ لەو ناوچەیە ناسراون وەکو براهیمێ بانەقەسری و عەبدۆ عەلانە و سەعید مەلا خەلیل و سلۆ کۆرۆ.

سەرنجێکی ترمان ئەوەیە، کە زۆر کات دەبیستین، کە جۆرە ئاوازێك هەیە کە زۆر لە ئاوازی لاوك نزیکە، بەڵام بە دەقی زاراوەی کرمانجی، بەتایبەت گۆرانیەکەی حەسەن سیساوەیی (ئەسمەر و مامەر) لەسەر فۆڕمی حەیران نین و ئەگەر بێت و لاوکبێژێکی بادینی لە شوێنی پەیقە سۆرانیەکان دەقێکی کرمانجی بەکاربهێنێت لەگەڵ هەمان ئاواز، ئەوا کتومت دەبێتەوە لاوك. حەسەن سیساوەیی لاوکیشی وتووە و کاریگەری لاوك بەسەر گۆرانییەکانییەوە زۆرە و بەرهەمەکانی تێکەڵەیەکن لە لاوك و حەیران. بەڕای توێژەر ئەمەی بەشێوازی دەنگبێژی چڕیوە.

جەلال خۆشناو سەرهەڵدانی لاوك بۆ باکووری کوردستان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: لاوك بەندە بە ژیانی تراژیدی نەتەوەی کورد. بۆ یەکەمجار لە لایەن لاوکبێژانی کرمانجی سەروو سەری هەڵداوە و پەیدا بوو. لەپاشدا کەوتۆتە ناوچەی سۆران بەهۆی هەندێ لەو لاوکبێژە ناودارانەی کورد کە لە ناوچەی بادینانەوە بەرەو ناوچەی سۆران کەوتنە ڕێ و نیشتەجێ بوون. ( جەلال مەلا حەسەن خۆشناو، ١٩٩٠: ٣). توێژەریش هەمان ڕای هەیە لەگەڵ خۆشناو، هەوەها لەبەشەکانی تری ئەم توێژینەوەیەدا باسمان لە عەبدالێ زەینکێ کردووە کە وەکو کۆنترین لاوکبێژی کورد باوی هاتووە لە سەرچاوەکاندا کە لە هەرێمی سەرحەدی باکووری کوردستان لەدایك بووە. دوایین بیروبۆچوون دەربارەی شوێنی جوگرافی لاوکدا، ئەو وتەیەی ئەسعەد قەرەداغی دەخەینەڕوو کە دەڵێ: چڕینی شێوەی ئاوازی لاوك بەگوێرەی ئەو هەنکەسۆزە (Accent tone)ی، کە دەبیسترێت زیاتر لە ناوچەکانی باکووری کوردستان و کوردنشینانی ناوچەی خۆراسان باوە، پاشان بە ناوچەکانی تری کوردستاندا دەنگیداوەتەوە و هەر ناوچەیەکیش کاڵای تایبەتمەندێتی خۆی بەبەردا کردووە. ( ئەسعەد قەرەداغی، ٢٠٠٨: ٢٦٥).

لە ئەنجامی ئەم بەشەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە لاوك لە هەموو ئەو ناوچانە بوونی هەیە، کە بە زاراوەی کرمانجی سەروو دەدوێن وەکو باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی سەر بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارێزگای دهۆك و بەشێك لە ناوچەكانی سەر بە پارێزگای هەولێر وەكو مێرگەسوور و شێروان مەزن تاوەكو نزیكی سۆران و دەشتی حەریریش دەگرێتەوە. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت كە لەلای هەموو ئەو ناوچانەی یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو، كە نیشتەجێی كوردی هەیە، لاوك بوونیان هەیە، بەڵام بە ناوی جیاواز، هەروەكو لە ناوچەی شكاكەكانی ئورمیەی ڕۆژهەڵاتیشدا لاوك بوونی هەیە، كە ئێمە ئاواتەخوازین لە پڕۆژەیێكی مەزنتردا بتوانین لاوكەكانی هەموو ناوچەكانی كوردستانی مەزن كۆبكەینەوە و توێژینەوەی زانستییان لەبارەوە بكەین.

### ١-٧ لاوك لەڕووی فۆرم و پێرفۆرمانسەوە

لە بەشەكانی پێشووتری ئەم توێژینەوەیەدا چەند پێناسێكمان بۆ فۆڕمی گۆرانیی لاوك كرد، كە لەلایەن چەندین نووسەر و فۆلكلۆرناس و توێژەرانەوە نووسیبوویان، بەڵام زۆر بەكەمی تیشكیان خستبووە سەر لایەنی پێرفۆڕمانس. ئێمە دەمانەوێت بە گرنگییەوە باسی ئەو لایەنە بكەین، چونكە پێمان وایە ئەمە كرۆكی كاری توێژەرە وەك گۆرانیبێژ و موزیككار.

لاوك جۆرێكە لە گۆرانی فۆلكلۆر یان میللیی كورد، كە ڕیتمێكی سەربەستی هەیە. بنگە (تۆنیك)ی هەر لاوكێك دەبێتە خاڵی دەستپێكردن و كۆتایی هاتنی لاوكەكە، واتە ئەگەر لە دەنگی (ڕێ)، (بۆ نموونەی سەرجەم لاوكەكان، دەنگی (ڕێ)م وەكو نموونە بەكارهێناوە لە شیكردنەوەكاندا) وە دەستپێبكات و بە هەمان دەنگ كۆتایی دێت و ئەمە بۆ هەموو دەنگەكان وەكو یەكە. هەندێك كات لە دەنگی بنچینە دەستپێناكات، بەڵام بە دەنگی بنچینە كۆتایی دێت، بۆ نموونە لاوكی (ئای دەلال)ی محەمەد عارف جزیری ئەگەر (ڕێ) دەنگی تۆنیك بێت، لاوكەكە لە دەنگی پێنجەمی تۆنیك واتە (لا) دەستپێدەكات، دواتر لە بەشی (پڕۆگرێشن Progression) (ئەم زاراوەیە لە شیكردنەوەی فۆڕمەكانی موزیكدا بەكاردەهێندرێت لە دوای بەشەكانی مۆتیف و پێشەكی، كاتێك ئاوازی فۆڕمەكە ڕوو لە هەڵبەزین دابەزین دەكات. بە واتای بۆ پێشەوە چوون، جوڵە، بەدوای یەكدا هاتن دێت) دا ڕوو لە دەنگەكانی خوارتر دەكات و لەكۆتاییدا بە دەنگی ڕێ كۆتایی دێت. هەندێك كات لە دەنگی سێیەمی پەیژەكە دەستپێدەكات و بەرەو دەنگەكانی چوارەم و پێنجەم پێشدەكەوێت و لە كۆتاییدا بە دەنگی بنگە تەواو دەبێت، وەكو نموونەی لاوكی شێخێ جانێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاوك تێمپۆیێكی دیاریكراوی نییە. واتە ناتواندرێت لەسەر یەك ڕیتم یاخود تێمپۆی نەگۆڕ بنووسرێتەوە، بەڵكو بەردەوام كێش(Time Signature)و خێرایی (Tempo)ی دەگۆڕێت، ئەگەر بشنوسرێتەوە ئەوا كارێكی ئاسان نییە، چونكە ئەگەر لاوكێك بە نموونە وەربگرین، كە لەلایەن دوو لاوكبێژی جیاوازەوە وترابێت، دەبینین جیاوازیەكی زۆر هەیە لەڕووی درێژی و كورتی تۆنەكانی ئەدای لاوكەكە، بەتایبەتی لەكاتی تەواوبوونی هەر دێڕێك یاخود هەر بەندێك. بێگومان دەتوانین لاوك بنووسینەوە، بەڵام دەبێت هەر لاوكێك كە لەلایەن دەنگبێژێكەوە وتراوە بنوسرێتەوە و هەمان لاوك لەلایەن لاوكبێژێكی تر بوترێت، دەبێت نوسینەوەیێكی تری بۆ بكرێت.

بە ڕای توێژەر جوانی لاوك لەوەدایە، كە لاوكبێژەكە ئازاد دەكات لەوەی بە ئارەزووی خۆی دەنگەكان درێژ و كورت بكاتەوە، لە كوێ بیەوێت داینامیك (Dynamic) بەكاربهێنێت و لە كوێ بیەوێت دەتوانێت هەناسە هەڵمژێت و بە ئارەزووی خۆی وشەكانی لێ لێ و لۆ لۆ هتد.. كەم و زیاد بكات. لاوك زادەی نەتەوە و تاكی كوردە، بە ڕای ئێمە ناكرێت لاوكێك بەراورد بكرێت بە فۆڕمێكی موزیكی جیهانی وەكو سۆناتا، ئەگەر بمانەوێت لاوك بخەینە نێو یاسا و ڕێساكانی فۆڕمێكی جیهانی، ئەوا زوڵمێكی مەزن لە لاوك دەكەین، كە فۆڕمەكانی كۆنشرتۆ و ئۆپێرا و سیمفۆنیا هەن وەكو خۆیان، دەبێت لێگەڕێین لاوكیش بۆخۆی فۆڕمێك بێت.

بێگومان نووسین دەربارەی فۆڕمی لاوك وەكو پێرفۆڕمانس ئاسان نییە، چونكە زۆربەی ئەوانەی لە لاوكیان كۆڵیوەتەوە، لاوكبێژ یاخود كەسانی موزیككار نین، بۆیە زۆر بەكەمی ڕژاونەتە سەر ئەم لایەنەی لاوك. توێژەر دەیەوێت لەو ڕووەوە زیاتر لەسەری بدوێت، چونكە ساڵانێكی زۆرە لە بواری گۆرانی و موزیكدا كاردەكات و لاوكیش بەشێكی مەزنە لە كارەكانی. هەر بۆیە ڕەنگە ڕێگەی زیاتر بە خۆی بدات، تاوەكو شیكردنەوەیێكی زانستی لەسەر لاوك بكات، بەڵكو نەوەكانی داهاتوو كاری زیاتری لەسەر بكەن.

خایاندن (Duration) لە لاوكدا جێگیر نییە، بە واتاییێكی تر درێژی كاتی لاوك دیاریكراو نییە، دەكرێ لاوك چەند كاتژمێرێك بخایەنێت، وەكو لاوكی جەمبەلیێ میرێ هەكاریا، لاوكیش هەیە تەنها چەند خولەكێكی كەم دەخایەنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاوك بەرفراوانترین جۆری گۆرانی ڕیتمی سەربەستە لەچاو جۆرەکانی تری وەکو (حەیرانۆك، پاییزۆك، نارینك، خزێمۆك)، واتە ژمارەی لاوکەکان لە ژمارەی هەموو ئەوانەی سەرەوە باسمانکرد زیاترە، هەروەکو گۆرانیبێژی ناسراوی کورد عەزیز شارۆخی لەم بارەوە دەڵێ: ئێمە لە شوردا (شور واتە بەیات. لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زۆربەی مەقامەکان ناوی جیاوازیان هەیە، هەروەکو مەقامیش بە دەزگا ناو دەهێنن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، لاوك تەنها لەسەر پەیژەی مەقامی بەیان ناوترێت، بەڵکو بە حیجاز، سەبا، عەجەم و نەهاوەندیش هەیە). چەندین ئاوازمان هەیە وەك حەیران، لاوك، بەهار وە بۆ دەقە فۆلکلۆریەکانیش دەگەڕێینەوە سەر لاوك و حەیران. (عەزیزی شارۆخی، ١٩٩٨: ٢٨). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بابەتی لاوك لەوانەی سەرەوە فراوانترە. ئەگەر بە کورتی سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی بابەتی ئەوانەی سەرەوە، دەبینین هەر یەکێکیان بۆ بابەتێکی دیاریکراو ئافرێندراوە، بۆ نموونە بابەتی حەیرانۆك تەنها دڵداری و ئەڤینییە، کەچی ناوەڕۆکی بابەتی پاییزۆك باس لە هاتنی وەرزی پاییز دەکات و سەختی و ئاستەنگەکانی وەرزی زستان نیشان دەدات بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە ئامادەکاری تەواویان نەکردووە بۆ وەرزی زستان هەروەکو کۆڤان خانکی لەبارەی پاییزۆکەوە دەڵێ: جۆرێکە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی. هەروەکو لە ناوەکەی دیارە باس لە هاتن و نزیکبوونەوەی وەرزی پاییز دەکات. هەروەها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە عەبدلعەزیز خەیان پێی وایە کە: ئەم جۆرە سترانە زیاتر (گل و گازندەنە) لۆمە کردن و ڕەخنەگرتنە. (عەبدلعەزیز خەیات، ٢٠٠٠: ٢٣٢). لەڕووی ئاوازەوە بەشێوەیێکی نەرم و (ڕەحەت) و تایبەت و غەمگینە، بە دەنگی بەرز و نزم دەوترێت. (کۆڤان ڕێسان حەسەن خانکی، ٢٠١٦: ٨٥). دەقێکی ئەدەبییە بە داڕشتنێکی پڕ سۆز و وێنەی جوان نووسراوەتەوە بە بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی.(خێری بۆزانی، ١٩٩٨: ١٩٢). ئەوەی شایانی باسکردنە لە پاییزۆکدا، وشەی پاییز لەنێو دەقەکانی پاییزۆکدا زۆر دووبارە دەبێتەوە.

هەرچەندە توێژینەوەکەی ئێمە تەنها فۆڕمەکانی لاوك و حەیرانۆك دەگرێتەوە، بەڵام بەکورتی باسی چەند فۆڕمێکی تریش دەکەین، تاوەکو ناوەڕۆکەکەیان بزانین و بەراوردیان بکەین لەگەڵ فۆڕمی لاوك. هەر لە بارەی نارین (نارینك)ەوە بێگومان هەر جۆرێکە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کە تایبەتە بە پیاهەڵدان و باسکردنی بووك لە چەندین کاتی جیاوازدا وەکو کاتی گواستنەوە یان لە کاتی هێنانەدەرەوەی بووك لەماڵی باوکی، هەروەها کاتی گەیشتنی بووك بۆ ماڵی زاوا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو مەقامانەی لاوکی پێ وتراوە، بریتین لە مەقامی بەیات، حیجاز، سەبا، عەجەم، نەهاوەند، بەڵام ئەو مەقامەی کە زیاترین ڕێژەی لاوکی لەسەر بنیات نراوە، مەقامی بەیاتە، بەدوای ئەویشدا موقامی حیجاز دێت، دواتر ئەوانی تر. ئەوەی گرنگە باسی بکەین لەسەر جۆری مەقامەکان ئەوەیە، کە جۆری مەقام پەیوەندیی بە بابەتی لاوکەکەوە نییە، واتە ئەگەر بابەتی گۆرانی ئەڤینی بێت، ئەوا مەرج نییە چ مەقامێك بێت، دەکرێت هەموو ئەو مەقامانەی سەرەوە بێت. بە واتایێکی تر لاوك هەیە مەقامی بە حیجارە دەوترێت و بابەتەکەی دڵداری و دابڕانە، لاوکیش هەیە کە بابەتەکەی ئەڤینی و خۆشویستن و قوربانی یەکتر بوونە، بەڵام هەر لەسەر مەقامی حیجاز وتراوە، بۆ نموونە لە لاوکی (ساڵحۆ)دا کاتێك ساڵح دەستگیر دەکرێت لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، (نوریێ) دەزگیرانەکەی ساڵح سۆز و پەیماندەداتە ساڵح، کە لە زیندان دەریبهێنێت تەنانەت ئەگەر خۆیشی ببێت بە قوربانی، لە لایەکی تر لە لاوکی (هەیلۆ دەلال)دا باس لە (بێ ئاقل) یان نەزانیی ئەو کەسانە دەکات، کە هاوڵیان داوە دوو دڵدار لەیەك بکەن. دەبینین ئەم دوو لاوکە لەڕووی بابەتەوە زۆر لەیەکتر جیاوازن، بەڵام هەردووکیان لەسەر مەقامی حیجاز وتراون، تەنانەت لە ڕووی پێکهاتەوەی مەودای دەنگیشیانەوە زۆر لەیەك نزیکن.
ئەم حاڵەتەی سەرەوە لە زۆرێك لە لاوکەکاندا هەیە و گەلێکیش باوە.
لە لاوکدا سەرەبەند (Refrain) هەیە، کە پێکهاتووە لە ڕیزێك یاخود چەند ڕیزێکی دیاریکراو لە تێکستی گۆرانییەکە کە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی لاوکەکاندا یاخود لە کۆتایی هەر بەندێکدا دووبارە دەبنەوە، هەروەکو ئەم شێوازە لە فۆرمی موزیکی رۆژئاوایی (سماعي)دا (تسليم) هەیە.
هەر لاوکێك ئاوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە ئاوازی لاوکەکانیتر جیاوازە. ئەگەر بڕوانینە گۆرانی بەستە، کە گۆرانیەکی ڕیتمدارە، دەبینین هەر بەستەیەك ئاوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ئەوانی تر جیایە. ئەمە لە لاوکیشدا هەمان شتە، ئەگەرچی لاوك ڕیتمێکی سەربەستیشی هەیە، ئەمە خۆی لەخۆیدا جوانییەکی تری لاوکە.
هەندێك لاوك هەن ئاوازی هەموو کۆپلەکانیان لەڕووی دەسپێکردن و ناوەڕۆك و کۆتاییەوە وەکو یەکە، یاخود زۆر لەیەکتر نزیکن، وەکو لاوکی (تەنکێ جانێ)، هەندێك لاوکیش هەن ئاوازی کۆپلەکانیان جیاوازن و هەر کۆپلەیەك ئاوازێکی خۆی هەیە، بەڵام لەسەر هەمان تۆن و مەقام وەکو (لاوکی لەعلیخان).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کە زۆرترینی ڕێژەی لاوکەکان لەسەر پەیژەی مەقام بەیات دانراون و ئەمەی خوارەوە شیکردنەوەی جۆرەکانی دەسپێکردنی لاوکن لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات لە ڕووی میانەوە.

١. جۆرەکانی دەستپێکردنی لاوك لەڕووی میانەوە لە مەقامی بەیات:

لاوك وەکو فۆرم یاخود لاواندنەوەییەکی میلۆدی کوردی گەلێك دەوڵەمەندە لە ڕووی فراوانی و میانەی دەنگەکانیەوە. لەم باسەدا سەرجەم جۆرەکانی لاوك لەڕووی دەستپێکردنەوە خراوەتە ڕوو و مەودای هەر جۆرێکیان لەگەڵ دەنگی بنچینە (تۆنیك) دیاری کراوە بۆ هەر جۆرە میانەیەك، نموونەی لاوکێکم هەڵبژاردووە.

- میانەی هاوچین (ڕێ – ڕێ): جۆرێکە لە لاوك، کە ئاوازەکەی لە میانەیێکی هاوچین دەستپێدەکات، واتە سەرەتا هەر لە دەنگی بنچینە دەمێنەتەوە، ئینجا بەرەو میانەیێکی سیانی بچووك بەرەو دەنگی (فا) سەردەکەوێت و بەرەو تۆنیك نزم دەبێتەوە و دواتر بەرەو دەنگی (سۆڵ) میانەییێکی چواری تەواو سەردەکەوێت و بەرەو تۆنیك نزم دەبێتەوە دووبارە. بۆ نموونە لاوکی وەرە دۆتمام



نموونەی (١) وەرە دۆتمام

- سیانی بچووك (ڕێ – فا): بەخێرایی لە تۆنیك باز دەدات بۆ دەنگی فا و دەمێنێتەوە بۆ ماوەییێك و دواتر بەرەو تۆنیك نزم دەبێتەوە. ئەم کردارە سێ تا چوار جار لە هەر کۆپلەیێکدا دووبارە دەبێتەوە. هەندێك جاریش لە دەنگی (دۆ) دەستپێدەکات.



نموونەی (٢) غەزالێ

- چواری تەواو (ڕێ – سۆڵ): ئەم شێوەیە دوو جۆری هەیە، یەکەمیان بە خێرایی دەنگی (می و فا و سۆڵ) ئەدا دەکات، و لە سۆڵ جێگیر دەبێت، ئینجا بەرەو تۆنیك نزم دەبێتەوە. دووەمیان ڕاستەوخۆ لە دەنگی (سۆڵ) دەستپێدەکات و دەمێنێتەوە و دواتر بەرەو تۆنیك هەنگاو هەڵدەگرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



نموونەی (٣) کەچێ دیلبەر

- پێنجی تەواو (ڕێ – لا): ئەم جۆرەشیان بە چەندین شێوە هەیە، یەکەمیان ڕاستەوخۆ لە دەنگی لا دەستپێدەکات، بە شێوەیێکی ترێل لەگەڵ تۆنی (دۆ)ی سەرووی خۆی ئەدا دەکات، دواتر بەشێوەی بازدان بەرەو دەنگی بنچینە نزم دەبێتەوە. جۆرەکانی تر بەزۆری لە دەستپێکردندا کەمێك جیاوازن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە.
- شەشی بچووك (ڕێ – سی بیمۆڵ): ئەم جۆرەیان زۆر دەگمەنە، دەتوانم بڵێم لە لاوکەکانی فۆلکلۆردا ئێجگار کەمە، سەمیر زاخۆیی لاوکێکی ئەڤینیی هەیە، کە بە میانەی شەشی بچووك دەستپێدەکات. بە تێکستی (هەی ڕەبەنێ بخۆ شویکە)، دەست پێدەکات.



نموونەی (٥) هەی ڕەبەنێ

- حەوتی گەورە (ڕێ – دۆ)ی جەواب: ئەمەشیان دوو جۆری هەیە و هەردوو جۆرەکەش باون. یەکەمیان لاوکەکە لە دەنگی (دۆ)وە دەستپێدەکات، بۆ نموونە لاوکی (ئەڤرۆکە هاتە بیرامن)ی تەحسین تەها. دووەمیان لە دەنگەکانی (لا، سی، دۆ) دەستپێدەکات، بۆ نموونە لاوکی (وەیشێ جانێ).



نموونەی (٦) تەنکێ جانێ

- ئۆکتاڤ ( لە زانستی تیۆرەکانی میوزیکدا، ئۆکتاڤ بە هاوچینیش دەژمێردرێت، چونکە وەکو دەنگ، هەمان دەنگە)، (ڕێ – ڕێ)ی جەواب: ئەم جۆرەیان پێویستیی بە لاوکبێژێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون هەیە، چونکە مەوداکەی زۆر فراوانە و پێویستیی بە هەناسەیێکی قوڵ هەیە و زۆربەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەداکانی لە نێوان دەنگی (ڕێ)ی جەواب و تۆنەکانی سەرەوەترن، بەزۆری لەسەر دەنگی (ڕێ)ی جەواب یاری دەکات. زۆربەی هەرە زۆریان لە دەنگەکانی (سی نیو بیمۆڵ، دۆ، ڕێ) دەست پێدەکەن. ئینجا بەشێوەی بازدان بەرەو تۆنیك نزم دەبێتەوە.



نموونەی (٧) عەبدالیێ دینێ

جۆرێکی تری لاوك هەیە، کە لە دەنگی (فا) ی ئۆکتاڤی جەوابەوە دەستپێدەکات، کە وەکو دووری میانەکەی لە تۆنیك لە ڕووی تیۆریەوە هەر بە سیانی بچووك دادەندرێت، بەڵام لە ڕووی ئەداوە دەبێتە میانەیێکی دەیی بچووك. دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین، کە ئەم نۆتانە تەنها وەکو بیرۆکە ئاماژەم پێیان داوە، چونکە وەك لە سەرەتا ئاماژەمان پێیدا، کە لاوك ڕیتمێکی سەربەخۆی هەیە و زۆر گوێ بە کورتی و درێژی کاتی تۆنەکانی نادات.

## ٢. جۆرەکانی دەستپێکردنی لاوك لەڕووی میانەوە لە مەقامی حیجاز:

وەك دەزانین لاوك بە مەقامی (حیجاز)یش دەگوترێت،(مەقامی حیجاز لەسەر دەنگی (ڕێ)، سی بیمۆڵ، می بیمۆڵ و فا دێز وەردەگرێت. هەمان شیکاری چواری تەواو لە مەقامی بەیاتدا بۆی دەگونجێت. بەڵام بە مەقامی حیجاز) زۆربەی هەرە زۆریان لە میانەیێکی چواری تەواو (ڕێ – سۆڵ)دا گوتراون. لاوکەکانی (لێ لێ بێمال)ی عەیشەشان و (دەردۆ)ی محەمەد عارف جزیری و (لێ لێ سەبرێ)ی محەمەد شێخۆ، نموونەی لاوکن، کە بە مەقامی (حیجاز) گوتراون. هەروەها بە مەقامەکانی (سەبا) و (نەهاوەند)یش گوتراون، بەڵام بە دەگمەن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٨-١ دەرەنجامی توێژینەوە

لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا، توانیمان بە چەندین خاڵ بەراورد لە نێوان ئەم دوو فۆڕمەی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا بکەین کە ئەمانەی خوارەوەن:

- لاوک سترانێکی دوور و درێژە، بەڵام حەیرانۆک سترانێکی کورتە.
- لاوک باسی سوارچاکی و مێرچاکی دەکات و گەلێک جار باسی ئەڤینداریش دەکات، وەکو لاوکی دەروێشێ عەڤدی، بەڵام حەیرانۆک تەنها باسی دڵداری دەکات.
- هەر لاوکێك چیرۆکێکێ تایبەتی خۆی هەیە، وەکو لاوکێ سالحێ نازێ، لاوکێ چەتۆ، لاوکێ عەمێ گۆزێ، بەڵام حەیرانۆک بەبێ چیرۆکە.
- لاوک بۆ کەسی بەرامبەر ناوترێ، بەڵام حەیرانۆک پێکهاتووە لە چەند بەندێك کە کچ و کور لەبەرامبەر یەکتردا دەیڵێن.
- هەموو لاوکێك ناوێکی هەیە، وەکو لاوکی کەلا دمدمێ، بەڵام حەیرانۆک بێ ناونیشانە.
- لاوک لە پێشەوەی حەیرانۆکدایە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کرمانجیدا، بە واتایێکی تر ژمارەی لاوکەکان لە ژمارەی حەیرانۆکەکان زیاترە چونکە بابەتی لاوک فراوانترە.
- کەمێك قورسایی و ئاڵۆزی هەیە لە زمانی لاوکد، بەڵام زمانی حەیرانۆك خۆشتر و ساکارترە.
- کێش و سەروا لە لاوکدا سەربەستە، بەلام لە حەیرانۆکدا رێکخراوترە وەك لە لاوکدا. کێش و سەروای حەیرانۆک کلاسیکییە.
- بابەتی لاوک دڵداری، مێژوویی، سوارچاکی و مێرچاکییە، بەڵام حەیرانۆک تەنها پێکهاتووە لە بەندی ئەڤینداری.
- لە لاوکدا کێش زۆر ڕوون نییە، بەڵام کێشی حەیرانۆك نزیکە لە کێشی گۆرانی شایی و گۆڤەند، کە پێکهاتوون لە دە بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و حەوت بڕگەیی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- پاڵەوانی لاوك تاوەكو دە كەسیش دەڕوات، بەڵام پاڵەوانی حەیرانۆك تەنها دوو كەسن كە كچ و كوڕێكە.
- لە لاوكەكاندا نیشتمانپەرستی و وەڵاتپەرستی هەیە، بەڵام لە حەیرانۆكدا بوونیان نییە.
- ئەو شوێنانەی كە لاوكی تێدا دەگوترێت زیاتر زیاتر كۆشك و دیوەخانی شەوانن، بەڵام حەیرانۆك زیاتر لە دەرەوەی چوار دیواردا دەگوترێت بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە لاوك لە دەرەوە ناگوترێت.
- لە لاوكدا ئافرەت ڕۆڵێكی لاوازی هەیە، بەڵام لە حەیرانۆكدا ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت
- لە لاوكەكاندا (دە لێ لێ و دە لۆ لۆ، وەیلۆ و ئاغاوۆ) و ئەو جۆرە دەنگ یاخود گوزارشتانە بەڕوونی بەكار هاتوون، بەڵام لە زۆر بەی حەیرانۆكەكاندا زۆر بە كەمی بەكار هاتوون یاخود بوونیان نیە.
- لە لاوكدا ئاماژە بەناوی راستەقینەی پاڵەوانەكان دەكرێت و ناو هێنانی كەسەكان لە لاوكدا باوە بەتایبەتی لە لاوكی شەڕو شۆڕدا وەكو (گوزێ، حەلیما، بشارێ چەتۆ) لە لاوكی عەمێ گۆزێدا ناویان هاتووە، بەڵام لە حەیرانۆكدا هەر بە كوڕۆ دینۆ، كچێ دینێ، بەژن بلند و بەژن زراڤ بانگی یەكتر دەكەن.
- شێوازی ئاخافتن لە حەیرانۆكدا خیتابی یاخود ڕوو بەڕوو یە، كچان و كوڕان لەبەرامبەر یەكتردا حەیرانۆك دەبێژن و كەم جار كەسی سێیەم یاخود نادیار هەیە، بەڵام لە لاوكدا زیاتر لەگەڵ خەلك دەدوێن و مەدحی یارێ خۆ یان یارا خۆ دەكەن.
- لە لاوكدا گەڕانەوە هەیە یاخود پارچەیەك هەیە كە لە سەرەتای لاوكدا دەستپێدەكات و لە ناوەراستیش دووبارە دەبێتەوە و دەرگای كۆتایی لاوكیش دادەخات، بەڵام لە حەیرانۆكدا بەندێكی دیاریكراو نیە كە لە وێستگە و شوێنی جیاجیا دووبارە بكرێتەوە.
- لە لاوكدا ئەنجام هەیە واتە كۆتاییەكەی بە ئەنجامێك دەبێت، بەڵام حەیرانۆك هیچ ئەنجامێك نادات بەدەستەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- لاوك زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆك دەدات، بەڵام حەیرانۆك زۆر گرنگی بە ڕوخسار دەدات یاخود پڕە لە هونەری ڕەوانبێژی.
- لاوك زیاتر لە پەخشانەوە نزیکە زۆر گرنگی بە کێش نادات، بەڵام حەیرانۆك زیاتر لە شیعر نزیکە و ڕیزەکانی بڕگەدارن و سەروایان هەیە.
- دەتوانرێت سوود لە لاوك وەربگیرێت وەکو سەرچاوەیێکی مێژوویی، بەڵام حەیرانۆك باس لە ڕووداو و بەسەرهاتی ڕابردوو ناکات.
- بەزۆری یەك لاوکبێژ تا کۆتایی لاوکەکە دەچڕێت، بەڵام لە حەیرانۆکدا زیاتر لە کەسێك بەشداری دەکات، یاخود کوڕ بەندێك دەڵێت و کچیش بەندێك.
- دەقەکانی لاوك بەردەوام بە میلۆدیەوە دەوترێت، بەڵام حەیرانۆك بە شێوازی هۆنراوە و ئاواز دەوترێت.
- لاوك فۆرمێکی ناسراوە هەم وەکو زاراوە هەمیش وەکو شەوازی چڕین، بەڵام حەیرانۆك بە شێوەی لاوك ناسراو نییە، تەنانەت زۆرێك لەو شارەزایانەی فۆلکلۆر بەتایبەت لەدەڤەری سۆران، زانیاریەکی ئەوتۆیان دەربارەی حەیرانۆك نییە.
- هەوێنی دەقەکانی حەیرانۆك پێکهاتوون لە سروشتی جوانی کوردستان و ژینگەی کوردەواری بۆیە تاکی کورد چێژ لە حەیرانۆك دەبینێت.
- لاوك بەهۆی پانتایی سنوورەکەی، دەکرێ جاربەجار وشەی بێگانەی تێبکەوێت ئەویش بەکەمی، بەڵام زمانی حەیرانۆك لە پەیڤ و زاراوەی ڕەسەن و پاك پێکهاتووە و زۆر بەکەمی وشەی بێگانە لە حەیرانۆکدا بەکار هاتووە. تەنانەت ئەگەر بۆ هەر زمانێکی بێگانە وەربگێڕدرێت مۆرکی کوردیی پێوە دیارە.
- لاوك لە هەرچوار پارچەی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی دەورەبەریش بوونی هەیە، بەڵام، حەیرانۆك تەنها لەدەڤەری بەدینان بوونیان هەیە و تایبەتمەندی دەڤەرەکەی پێوە دیارە کە بە زاراوەی کرمانجی دەدوێن سەربە پارێزگای دهۆك.
- لە لاوکدا مەرج نییە دەقەکەی کێش و سەروای هەبێت و لە شیعر پێکهاتبێت، بەڵام دەقەکانی حەیرانۆك لە شیعر پێکهاتوون بۆیە کێش و سەروای هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- لاوك هەمیشە بە ئاوازەوە دەچڕدرێت، بەڵام حەیرانۆك هەم وەکو هۆنراوە ئەدا دەکرێت هەمیش بە ئاواز.

## ٩-١ ڕاسپاردە

گەر بمانەوێت هەر بوارێك بەرەوپێشەوە بەرین، پێویستە پلان و بەرنامەی بۆ دابڕێژین کە تاك و لایەنە بەرپرسیارەکان تیایدا بەشداربن. لێرەدا دەمەوێت چەند ڕاسپاریەکە بخەمە ڕوو کە پێمانوایە دەبن بە هۆکاری گرنگ بۆ بەرەوپێشبردنی لاوك و حەیرانۆك و سەرجەم فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی و هونەری کوردی بە گشتی.

پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەرۆکایەتییەکانی هەرێم ناوەندێکی گەورەی فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی دابمەزرێنن و تیایدا هەموو فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی نمایش بکرێن و خول و ڕاهێنان بۆ نەوەکانی نوێ فەراهەم بکەن، هەروەکو چۆن لە شاری دیاربەکر (مالا دەنگبێژا) توانیویەتی خزمەتێکی مەزن بکات بە پاراستنی کەلتوور و هونەری ئەو ناوچەیە. دەبێت گرنگی زیاتر بە وانەی موزیك و گۆرانی بدرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و هیچ نەبێت قوتابیان ئاشنا بکرێن بە فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی. کۆلێژەکانی هونەر بەهێزترین ناوەندی فێربوونی موزیکن، پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا پاڵپشتییەکی تەواو لەم کۆلێژانە بکات لە فێستیڤاڵ و نمایشەکانیاندا و هەموو ئامێر و پێداویستییەکانیان دابین بکات.

بۆ ئەوەی لاوك و حەیرانۆك و هەموو فۆڕمەکانی تری گۆرانی کوردی بە زیندوویی بمێننەوە، دەبێت ڕێز لە لاوکبێژ و گۆرانیبێژان بگیرێت لەلایەن حکومەت و موچەو شایستەی دارایی پێشکەش بکرێت. لە کۆلێژەکانی هونەردا دەبێت قوتابیان هانبدرێن لە پرۆژەی دەرچوونەکانیاندا زیاتر توێژینەوە دەربارەی فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی ئەنجام بدەن.

## ١٠-١ پێشنیازەکان

سەرجەم فۆڕمەکانی گۆرانی کوردی سەرمایەیێکی مەزن و لەبننەهاتووی نەتەوەیین، دەبێت هەموو تاکێکی نەتەوە گرنگییان پێ بدات بەتایبەتی کەسانی شارەزا و لایەنە پەیوەندی دارەکان. پێشنیار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەكەم هاوشانی فۆرمە موزیكییە رۆژئاواییەكان، فۆرمەكانی گۆرانی كوردی لە سەرجەم ناوەندەكانی خوێندن بخوێندرێن و شێوازی ئەدایەكانیان لە هەموو نەوەندەكانی خوێندنی موزیك بكرێن بە میتۆدێكی سەرەكی. دەتوانرێت بۆ زیندووكردنەوە و بەرەوپێشبردنی فۆرمەكانی گۆرانی كوردی، ساڵانە فێستیڤاڵێكی گەورە رێكبخرێت و گۆرانیبێژان و ئیتنۆمیوزیكۆلۆجیستەكانی هەموو پارچەكانی كوردستان بانگهێشتی فێستیڤاڵەكە بكرێن و خەڵاتێكی شایستە پێشكەشی باشترینەكان بكرێت، كە هۆكارێكی زۆر گرنگ دەبێت بۆ پێشخستنی ئەم بوارە و دەبێتە هاندەرێكی بەهێز تاكو گەنجەكانمان ڕوو لە گۆرانییە فۆلكلۆریەكانیش بكەن.

## سەرچاوەكان:

1. ئازید، جەلیل (٢٠١٦). تیۆری موزیك، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەكەم، هەولێر.
2. ئامێدی، ڕێكێش (٢٠١٠). حەیرانۆكێت كوردی، بەرگی یەكەم، دهۆك.
3. ئەڤرۆ، (٢٠١٤). د بیرهاتنا وەغەركرنا محەمەد عارف جزیری دا، رۆژنامەی ئەڤرۆ ٢٠١٤/١٢/١٨، دهۆك.
4. ئۆغوز، ئیكرام (٢٠٢٢). چاوپێكەوتنی تەلەفۆنی، رۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٢/٩/١ كاتژمێر ٢:٣٠ی ئێوارە، هەولێر.
5. ئۆغوز، ئیكرام (٢٠٢٢). دەنگبێژێن باڤێ من، چاپی یەكەم، گۆردەلەر، ئەڵمانیا.
6. ئیزەدیی، میهرداد (٢٠٠٨). موزیكی كوردی، ئامادەكردن و دارشتنەوەی محەمەد حەمە باقی، گۆڤاری چلاواز، ژمارە ٣٤، هەولێر.
7. بادی، ئیسماعیل (٢٠٠١). حەیرانۆك ڤەكۆلین و دەق، كۆمكرن و بەرهەڤكرن، دهۆك.
8. بادی، ئیسماعیل (٢٠٢١). حەیرانۆك ژ زارگۆتنا كوردان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئەنستیتوی كەلەپووری كوردی، سلێمانی.
9. باقی، محەمەد حەمە (٢٠٠٢). مێژووی مۆسیقای كوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
10. بەرواری، جەمال (٢٠٢٠). ساڵڤەگەڕا (محەمەد عارف جزیری) و هندەك تێبینی، گۆڤاری ئەلیكترۆنی ڕوانگە و ڕەخنە، ٢٠٢٠/٨/٢٨.
11. بەرواری، كامیران (٢٠٢٢). چاوپێكەوتنی تەلەفۆنی، ڕۆژی یەكشەم، ڕێكەوتی ٢٠٢٢/١٠/٩ كاتژمێر ٦ی ئێوارە، هەولێر.

12. بەکر، محەمەد (٢٠١٤). کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
13. بوتانی، عبدالفتاح علی یحیی (١٩٨٥). البوتانیون والاغنیة الکوردیة التاریخیة، گۆڤاری کاروان ژمارە ٢٩، هەولێر.
14. بۆراك، ئایسەل (٢٠٢٢). چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی، رۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٢/٩/١ کاتژمێر ٣:١٥ی ئێوارە، هەولێر.
15. بۆزانی، خێری (١٩٩٨). پاییزۆك رندە گراڤی، گۆڤارا لالش ژمارە ٩، دهۆك.
16. بیمار، عەبدولرەزاق (١٩٩٦). لاوك گەنجینەی کەلەپووری میللی، گۆڤاری رۆشنبیری نویێ ژمارە ١٣٨، دەزگای رۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی،
17. پیربالّ، فەرهاد (٢٠١٠). مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
18. جزیری، محەمەد عارف. رۆژنامەی ئەلیکترۆنی وشە، ٢٠١٩/١٠/١٩.
19. جەعفەر، حەجی (١٩٨٩). حەیرانۆك ژ کەلەپوورێ کوردی، هەولێر.
20. جەعفەر، حەجی (٢٠٠٧). ژ کەلەپوورێ کوردی/ حەیرانۆك، پشکا دوویێ، ئەنستیتویا کەلەپوورێ کوردی/ دهۆك.
21. جەعفەر، حەجی (٢٠٠٧). قەفتەکاسترانێن فۆلکلۆری ل دەڤەرا بادینان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
22. جەعفەر، حەجی (٢٠١٣). هندەك ڤەکۆلین ل دۆر فۆلکلۆرێ کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
23. جەلیل، ئۆردیخانێ (١٩٧٧). سترانا زارگۆتنا تاریقی، وەرگێرانی شوکر مستەفا و ئەنوەر قادر محەمەد، بەغدا.
24. جەلیل، ئۆردیخانێ (١٩٨٥). شۆڕشی ١٩٢٥، وەرگێڕانی ڕەشاد میران، گۆڤاری کاروان ژمارە ٣٤، تەمموزی.
25. چاوڕەش، ئەحمەد (٢٠١١). لەیادی ٢٤ ساڵەی کۆچی دوایی لاوکبێژ محەمەد عارف-دا، ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ٣٦٦٤.
26. حەیران، ئەحمەد (٢٠٠٦). لاوك وێنەیەك لە هونەری گۆرانی میللی ، گۆڤاری رامان ژمارە ١١٢.
27. حوسێن، حوسێن فەتاح (١٩٩٩). کاویس ئاغا (لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی هەندێ لە لاوکەکانی)، هەولێر.
28. خانکی، کۆڤان ڕێسان حەسەن (٢٠١٦). هزر و فەلسەفە د ئەدەبیاتا دینێ ئێزدیان دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، دهۆك.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

29. خەزنەدار، مارف (٢٠١٠) چلاواز ٥١، هەولێر.
30. خەزنەدار، مەعروف (١٩٦٢). کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ئەلوەفا، بەغدا.
31. خەیات، عەبدلعەزیز (٢٠٠٠). سترانا فۆلکلۆری یا کوردی، گۆڤارا لالش ژمارە ١٢، کانوونی دووەم، دهۆك.
32. خەیات، عەبدولعەزیز (٢٠٠٢). حەیرانۆك، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
33. خەیات، عەبدولعەزیزی پرۆگرامی ڕەسەن، زنجیرەی ٣١.
34. خۆشناو، جەلال مەلا حەسەن (١٩٩٠). لاوك، زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتی زنجیرە (١)، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا.
35. خۆشناو، جەلال مەلا حەسەن و جەنگی جەلال مەلا حەسەن (٢٠٠٦). مریەم خان، هەولێر.
36. خۆشناو، جەلال مەلاحەسەن (٢٠٠٠). کاوێس ئاغا ١٨٨٩-١٩٣٦، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ژمارە (١١)، هەولێر.
37. خۆشناو، رزگار (١٩٨٠) مەقامە تەیبەتیەکان، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ٨١، دەزگای رۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی.
38. خۆشناو، مەجید (٢٠٠٩). مەقام و ئاوازی رەسەن لە هۆنراوەی شاعیرانی کورد ، گۆڤاری چلاواز ژمارە ٣٨.
39. خۆشناو، مەجید (٢٠١٠). توێژینەوەیەك لەسەر لاوك و حەیران، بەشی یەکەم، چلاواز ٥١، هەولێر.
40. دۆسکی، عەبدولکەریم (١٩٨٦). زاراڤێت فۆلکلۆری(وتار)، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١١١،ئەیلول.
41. ردێنی، وەسفی حەسەن (٢٠٠٨). بەیتا زەمبیل فرۆش، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
42. ڕەسول، شوکریە (٢٠٠٨). ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.
43. ڕەسوڵ، شوکریە ، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.
44. زەرۆ، ئەحمەد عەبدوڵلا (١٩٧٠). سترانا لیریکی (حەیرانۆك)، چاپخانەی بەغدا.
45. زەرۆ، ئەحمەد عەبدوڵلا (١٩٨٧). سترانا لیریکی حەیرانۆك، کۆمکرن و بەرهەڤکرن، بەغدا.
46. ڕەشکانی، مەروان شێخ حەسەن (٢٠١٦). غەریبیا لاوکان (کۆمەکا لاوك و سترانێن فۆلکلۆری یێن چیایێ شنگالێ)، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار دهۆك.
47. ڕەشۆ، خەلیل جندی (٢٠٠٤). پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز (دهۆك)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
48. سابر، پەرێشان خالد (٢٠١٤). رەهەندی ئەفسانەیی لە لاوکی کوردەواریدا (سوار چاکی لە لاوکی کوردەواریدا) بە نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

49. سەعید، دلشاد محەمەد (٢٠٢٢). دیمانەی تەلەفۆنی، سێشەم ٢٠٢٢/٠٨/٢٣ كاتژمێر ٠٦:٣٠ خولەكی ئێوارە، هەولێر.
50. شارۆخی، عەزیزی (١٩٩٨). گۆڤاری ڕامان ژمارە ٢٨، هەولێر.
51. شەریف، محەمەد كەریم (١٩٧٨). سوارچاكی لە لاوكی كوردەواریدا، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا.
52. شەریف، محەمەد كەریم هۆنراوەكانی كوردەواری، بەیارمەتی وەزارەتی راگەیاندن بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری كوردی چاپكراوە، چاپخانەی ئەلشیمال، كەركوك.
53. شێلازی، جەمیل محەمەد (٢٠٠٨). سالۆخەت د حەیرانۆكان دا، دهۆك.
54. عەبدوڵلا، ئەدیب (٢٠٠٦). حەیرانۆك نامەیێن ئەڤیندارا، بەرگی یەكەم، دهۆك.
55. عەبدولموتەڵیب، یەشار كەمال، مالپەڕی كورد و كوردستان، رێكەوتی ١٣٨٨/٦/٢٩ی ئێرانی.
56. عەدۆ، ئەسعەد (٢٠١٥). كەلەپووری كوردەواری (كۆبەرهەمی فۆلكلۆری)، هەولێر.
57. عەڤدال، حەجیێ جندی و ئەمینێ (٢٠٠٨). فۆلكلۆرا كرمانجا، دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر.
58. عەلی، ئەحمەد (٢٠١٦). حەیرانۆك، وێبسایتی فۆلكلۆری كوردی، ٢٠١٦/١٠/٢٠، دهۆك، https://sites.google.com/site/kurdfolklore/حەیرانوک
59. https://www.youtube.com/watch?v=G8w2h9zT2VQ
60. عوسمان، خالید عومەر (٢٠٢٠). خەرمانەی هونەر، چاپی یەكەم، چاپخانەی تاران.
61. قەرەداغی، ئەسعەد (٢٠٠٨). فەرهەنگی مۆزیك (كتێبی ئەلیكترۆنی).
62. كەریم، محمدی مەلا (٢٠٠٩). كۆمەڵێك لاوك و حەیران، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
63. كۆمەڵێك نووسەر(٢٠١٣). كوردۆلۆجی، چاپخانەی هێڤی، چاپی یازدەهەم، هەولێر.
64. گۆران، یاسین حەسەن. لاوك و سترانی كوردەواری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.
65. محەمەد، محەمەد عوسمان (٢٠٢٢). هونەری بەكارهێنانی زمان لە لاوك و حەیراندا، سلێمانی.
66. مزوری، عەبدولڕەحمان (١٩٨٤). حەیرانۆكێد كوردی و رومانسێد ئەسپانی(وتار)، گۆڤاری بەیان ژمارە ١٠٠، تشرینی دووەم.
67. مزوری، عەبدولڕەحمان (١٩٨٤). كێشێت هۆزانا سەربەستا كوردی (وتار)، ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە ٧٥٦.
68. مزوری، عەبدولڕەحمان (١٩٨٦). كێشێد هۆزانا سەربەستا كوردی (وتار)، گۆڤاری ڕۆشەنبیری نوێ ژمارە ١١٢.
69. مستەفا، نورەدین سەعید (١٩٨٨). حەیرانۆك زمانێ ئەڤیندارا، بەغدا.

70. نەقشبەندی، سەرفراز عەلی (١٩٨٦). دلینی (حەیرانۆك)، چاپخانەی بەغداد.
71. هاشمی، عادل (٢٠١٢). وەرگێڕانی زاهیر مەحەمەد ، دەنگ و ئاوازە کوردیەکان، وەزارەتی رۆشنبیری، بنکەی مەقام، هەولێر.
72. هروری، سەلاح (٢٠٠٠). امارة بوتان في عهد الامير بدرخان، دراسة تاريخية سياسية، هەولێر.
73. هروری، سەلاح (٢٠٠٤). چەند بابەتێن دیرۆکی د سترانا دیرۆکی یا کوردی دا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
74. هروری، سەلاح. سترانا بەردخان، گۆڤارا سروە ژمارە ١٣، گەلاوێژی ١٣٦٦ هەتاوی.
75. هەورامی، دارا محەمەد عوسمان (٢٠٠٨). قوتابخانە بنەماهونەرییەکانی ئاوازە بەرزەچڕەکان لە کوردستان دا، گۆڤاری چلاواز ژمارە ٣٤، هەولێر.

## Performance methods of Lawk and Hayranok, A comparative study

**Zana Jabali Mamand**
Department of Music, Collage of Fine arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq
mamandzana@gmail.com

**Prof. Dr. Nasser Hashim Badan**
Department music, College of fine arts, Basra University, Basra, Iraq
nasserbadan60@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Nareman Abdullah Kareem**
Department of Music, Collage of Fine arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq
nareman.kareem@su.edu.krd

**Keywords**: *Lawk, Melody, performance, Folklore, Form, Rhythm, Song*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract**
This research talks about one of the kurdish folklore song forms, called Lawk. Lawk is a kind of free-rhythmic Kurdish folklore song that the length of its voices depends on the need of the words and the wish of the singer. This research shows the definition and dialect of Lawk and describes the geographical location of it and how the performance of this type of folklore song is performed. it explains the types of Lawk as a content, scale and intervals. This research shows the specialties of Lawk and distinguishes it from other Kurdish song forms. Lawk is a great national wealth that historically tells many stories and historical stories to us and a type of song that is special to the Kurdish nation.

----------------------------------------------------------------

## شكل الاداء اللاوك و الحيرانوك دراسة مقارنة

**ملخص:**
يتناول هذا البحث شكلين من الغناء الفولكلوري الكوردي سميان (لاوك و حيرانوك). لاوك هي نوع من الغناء الفلكلوري الكردي، يوجد في لحنها ايقاع حر و و طول و قصر اصواتها مرتبطة بحاجات الكلمات و ميل المغني. والحيرانوك نوع من الغناء الفولكلوري الكردي. تعبر على شكل اللحن وايضا تقدم و تستعرض على شكل الشعر. هذا البحث يعرف المصطلحين (لاوك و حيرانوك) ويستقصى مكان الجغرافي و كيفية أداء تلك النوعان من الغناء. يحدد هذا البحث انواع لاوك و حيرانوك من حيث المضمون والمقام، ويوضح المسافة الشاسعة لكل انواعها. ويستعرض هذا البحث الخصائص كل من لاوك و حيرانوك و ويميزيهم عن اشكال أخرى من الغناء الكوردي. أن لاوك هي ثروة وطنية كبيرة بحيث تسرد لنا تأريخيا عديد من الأحداث القديمة و الملاحم. والحيران هي صوت و لحن العشاق، لاوك و حيرانوك هما نوعين من الغناء الكوردي المميز لقومية الكوردية.